کرێکارانی جیهان یەکگرن!

# گۆڤاری پێشڕەو

## ۴۹۲

گۆڤاری پێشڕەو – ئۆرگانی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

دەوری سێهەم – ژمارە ۴۹۲ – جۆزەردانی – ژوئەنی ۲۰۲۶

### سەروتار

## بەیاننامەی سیاسیی پلێنۆمی پێنجەمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لێکەوتەکانی شەڕ، ئاسۆ و ئەرکەکان

لێکەوتەکانی شەڕی ئیمپریالیستی و کۆنەپەرستانەی دەوڵەتەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ ڕژێمی کۆماری ئیسلامی، ئاسایش، کار، ژیان و بژێوی و خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشان و زۆرینەی خەڵکی ئێران و ناوچەکەی خستووەتە دۆخێکی یەکجار دژوارترەوە. ئەم شەڕە بە کۆمەڵکوژیی هەزاران کەس لە منداڵان و خەڵکی بێدەرەتان، ئاوارەیی و وێرانکردنی ژێرخانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، بۆردومانی نەخۆشخانە، زانکۆ، قوتابخانە، کۆگاکانی وزە و ڕێگاوبانەکان، بڕینی سێ مانگەی ئینتەرنێت و بێکارکردنی ملیۆنان کرێکار و توندکردنەوەی شەپۆلی سەرکوت و لەسێدارەدانی زیندانییانی سیاسی؛ نەک هەر بناغەکانی بەرهەمهێنانەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی گەیاندووەتە لێواری داڕمان، بەڵکوو بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکانیشی پەراوێز خستووە و گورزێکی کوشندەی لە بزووتنەوەی ئازادیخوازانە بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی وەشاندووە. زیادبوونی سێ و نیو بۆ چوار ملیۆن کەس بە ڕیزی بێکاران، هەژاریی پەرەسەندوو، هەڵاوسانی لەڕادەبەدەر (بەتایبەت لە کاڵا خۆراکییەکان، دەرمان و چارەسەر، نیشتەجێبوون و هاتوچۆدا) و سەختی دابینکردنی بژێوی، هاوکات لەگەڵ هەڵکشانی ئاماری سزاکان و لەسێدارەدانی زیندانییانی سیاسی، بڵاوکردنەوەی دانپێدانانە تەلەڤزیۆنییەکان، ڕەشبگیرییە بەکۆمەڵەکان، پچڕاندنی ئینتەرنێت و بێبەشکردنی خەڵک لە مافی سەرەتایی دەستڕاگەیشتن بە زانیاری، تەنیا بەشێکن لە لێکەوتەکانی ئەم شەڕە وێرانکەر و کۆنەپەرستانەیە

ئەم شەڕە، وێڕای هەموو وێرانکاری و نەهامەتییەکانی، لە لایەکەوە درێژکراوەی سیاسەتی دەوڵەتی نیۆفاشیستی ئەمریکایە بە ڕێبەری ترامپ بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی هەژمۆنی ڕوو لە داڕمانی ئەمریکا و کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەکانی نەوت و گاز و ڕێڕەوە ئاوییە ستراتیژییەکان، وە هەروەها درێژەی سیاسەتی دەوڵەتی کۆمەڵکوژی ئیسرائیلە بۆ داڕشتنی ئەو نەزمە ناوچەییەی کە مەبەستیەتی؛ لە لایەکی دیکەشەوە، دەرەنجامی ستراتیژیی پێشگیرانە و شەڕخوازی ڕژێمی کۆماری ئیسلامییە. بەڵام ئەم شەڕە نەک هەر نەیتوانی زلهێزی ئیمپریالیزمی ئەمریکا و تاکڕەویی




## ڕێکخراوی جیهانی کار، هاودەستی حکوومەتی ئیسلامیی سەرمایەداران لە دژی کرێکاران




## ماشێنی سەرکوت و سێدارەی ڕژێمی ئیسلامی، تەنیا بە جەماوەریکردنی بزووتنەوەی "نا بۆ سێدارە" لەکار دەخرێت



## بۆ یادی ٥٩ لاوی گیانبەختکردووی شاری مەهاباد لاپەڕەیەکی دیکە لە کارنامەی پڕ لە تاوانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی

## داهاتە نەوتییەکان لە خزمەت دەزگای سەرکوتدا

## مەبەست لە ڕێکخراوی سەربەخۆی کرێکاری چییە؟

## ئاسۆی لێڵی کۆتاییهاتنی یەکجاریی شەڕ لەسەر بەستێنی کێشمەکێشەکانی ئێستا

ترامپ لەسەر ئاستی جیهان نمایش بکات، بەڵکوو لاوازی، سنوورداربوون و سەرلێشێواوی ستراتیژی ئەمریکای پتر لە جاران دەرخست. هەڵگیرساندنی شەڕێکی پرتێچوو لەسەر بنەمای خەون و خەیاڵی دەزگای ئەمنی مۆساد و ناتانیاهۆ کە گوایە بە لەناوبردنی خامنەیی و فەرماندە باڵاکانی سوپا، پێکهاتەی کۆماری ئیسلامی دادەڕمێت؛ شۆکبوون لە بەرامبەر داخستنی گەرووی هورمز و هەروەها هێرشە مووشەکییەکانی ڕژێمی ئیسلامی بۆ سەر دامەزراوەکانی دەرهێنانی نەوت و گاز لە وڵاتانی کەنداو کە بە بەرزبوونەوەی نرخی سووتەمەنی لە بازاڕە نێودەوڵەتییەکاندا تەواوی ئابووری جیهانی خستە ژێر کاریگەرییەوە؛ هاوڕانەبوونی ئەورووپا و ناتۆ لەگەڵ ئەم شەڕەدا و هتد... ئەمانە هەمووی گوزارشتن لە شکستی ستراتیژی ئەمریکا لەم شەڕەدا. ئەمریکا کە لەم شەڕەدا نەگەیشتە هیچ کام لەو ئامانجانەی ڕایگەیاندبوو (وەک گۆڕینی ڕژێم، سنووردارکردنی توانای مووشەکی، هەڵوەشاندنەوەی دامەزراوە ئەتۆمییەکان و بردنەدەرەوەی یۆرانیۆمی پیتێنراوی سەدا شەست)، ئێستا دەیەوێت لە دۆخی بەرزەخی "نە شەڕ نە ئاشتی" و لە ڕێگەی گەمارۆی دەریایی بەندەرەکانی باشووری ئێران، ڕێگریکردن لە هەناردەی نەوت و توندکردنەوەی گەمارۆ ئابوورییەکانەوە بەو ئامانجانە بگات. دەوڵەتی ئیسرائیلیش ئەگەرچی لە گەیشتن بە ئامانجەکانی، واتە ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی، فراوانکردنی پەیمانی ئیبراهیم و داڕشتنی سیستەمێکی ناوچەیی بە ڕێبەرایەتی خۆی شکستی هێنا، بەڵام توانای سەربازی کۆماری ئیسلامی لاواز کرد و جارێکی دیکە هێزی سەربازی و هەژموونی خۆی بەسەر سیاسەتی شەڕخوازانەی ئەمریکادا بە ڕووی هێزە ڕکابەرەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کێشایەوە

بۆ ڕژێمی کۆماری ئیسلامی کە پتر لە چوار دەیە بە گۆڕینی ئێران بۆ کۆگای چەکی مووشەکی و درۆنی، پڕۆژە ئەتۆمییەکان و ڕێکخستن و پڕچەککردنی هێزەکانی ناسراو بە "میحوەری موقاوەمەت" ئامادەکاری بۆ شەڕێکی وا دەکرد، ئەمە حوکمی شەڕی مان و نەمانی هەبوو. سەرانی ڕژێم کە ئامانجی سیاسی خۆیان لەم شەڕەدا وەک "پاراستن و مانەوەی نیزامی ئیسلامی" پێناسە کردبوو، ئاگربەستی ئێستا و کۆتاییهاتنی ئەگەری شەڕەکە وەک سەرکەوتنی یەکلاکەرەوەی خۆیان جاڕ دەدەن و وەک پاڵپشتییەک بۆ هێرشکردنە سەر بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و نارەزایەتییەکانی ناو کۆمەڵگا کەڵکی لێ وەردەگرن. بەڵام سەرەڕای ئەوەی کۆماری ئیسلامی لەم شەڕەدا بوونی خۆی پاراست و بە باڵادەستی سەربازی خۆی بەسەر میرنشینەکانی کەنداودا نیشانی دان کە بە جێگیرکردنی بنکە سەربازییەکانی ئەمریکا ناتوانن ئاسایشی خۆیان مسۆگەر بکەن، و هەروەها ڕووسیا و چینی قایل کرد کە لە ململانێ جیۆپۆلەتیکییەکان لەگەڵ ئەمریکا و ئەورووپادا دەتوانن پشتی پێ ببەستن؛ لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، ئەم شەڕە سنووردارbوونی ستراتیژی کۆماری ئیسلامیشی زیاتر ئاشکرا کرد. ئەم شەڕە جارێکی تر سەلماندی کە پڕۆژە ئەتۆمییەکان و پاڵپشتی دارایی و پڕچەککردنەکانی "میحوەری موقاوەمەت" لە ناوچەکەدا، سەرەڕای ئەو تێچووە یەکجار قورسانەی کە بەسەر خەڵکی ئێران و بەتایبەت چینی کرێکار و توێژە هەژارەکاندا سەپاندوویانە، نەیانتوانیوە هێزی پێویست بۆ بەرپەرچدانەوە بە خودی ڕژێمی ئیسلامی ببەخشن؛ بە جۆرێک کە لە دوو شەڕی دواییدا چەندین توێژی لە ڕێبەران و فەرماندەکانی لەدەست داوە. تەنانەت نائارامکردن و کۆنترۆڵکردنی گەرووی هورمزیش، کە لەم قۆناغەدا وەک ئامرازێکی گوشاری ئابووری و جیۆپۆلەتیکی کۆماری ئیسلامی لە شەڕ لەگەڵ ئەمریکادا کاری کردووە، لە ماوەی درێژخایەن و بە ئاسۆی بەردەوامبوونی گەمارۆی دەریایی بەندەرەکانی ئێران و توندترکردنی سزاکان، دەتوانێت وەک شمشێرێکی دوودەم کار بکات. کۆی ئەم هۆکارانە و پێشهاتەکانی غەززە، لوبنان، سووریا و عێراق و ... دەریدەخەن کە بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسی و کۆماری ئیسلامی وەک گرنگترین پێگەی ئەم بزووتنەوەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەم وەک مۆدێلێکی حوکمڕانی و هەم وەک مۆدێلی ڕووبەڕووبوونەوەی سیاسەت و هەژموونی ئەمریکا و ئیسرائیل لە ناوچەکەدا، گەیشتووەتە بن بەست

بەڵام سەرەڕای ئیدیعاکانی سەرانی کۆماری ئیسلامی و دەهۆڵی سەرکەوتن کوتانیان، لێکەوتەکانی ئەم شەڕە، قوربانییەکان و ئەو گورزە قورسانەی بەر کۆماری ئیسلامی کەوتوون، هەروەها توندتربوونی سزا ئابوورییەکان و کاریگەرییە بەردەوامەکانی کۆمەڵکوژییە سامناکەکەی خۆپیشاندەران لە کاتی ڕاپەڕینە سەرتاسەرییەکەی مانگی بەفرانباردا، قووڵبوونەوەی قەیرانی ئابووری و پەرەسەندنی بێکاری و هەڵاوسان و گرانیی بێسنوور، و بێتوانایی ڕژێم لە دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانی خەڵک؛ هەموو ئەمانە قەیرانی ناوخۆیی ڕژێمیان توندتر کردووەتەوە و دوور نییە لە داهاتوودا ببینە شایەتحاڵی پاکتاوکردنێکی خوێناوی ناوخۆیی لە لایەن باڵی سپای پاسدارانەوە. ڕژێمێک کە ئابوورییەکەی لەژێر گوشاری قووڵبوونەوەی قەیرانی پێکهاتەیی، گەندەڵی سیستماتیک، قورسبوونی سزاکان و کەشی جەنگی زاڵ بەسەر کۆمەڵگادا لە لێواری داڕماندایە، دوای تەواوبوونی شەڕیش دەکەوێتە ژێر باری تێچووە قورسەکانی ئاوەدانکردنەوەی وێرانکارییەکانی شەڕ و هەڵکشانی ئاستی چاوەڕوانییەکانی کرێکاران و جەماوەری ناڕازی. کاریگەرییە درێژخایەنەکانی سەرکوتی خوێناوی و سامناکی خۆپیشاندەرانی ڕاپەڕینی بەفرانبار لەسەر فەزای گشتی کۆمەڵگا، و لێکەوتەکانی شەڕە چل ڕۆژەکە لەسەر کار، ژیان و بژێوی خەڵک، درزی نێوان کۆماری ئیسلامی لەگەڵ جەماوەر و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان قووڵتر دەکاتەوە و قەیرانی ڕەوایەتی سیاسی ڕژێم چڕتر دەکاتەوە

بێگومان پێشهاتەکانی یەک ساڵی ڕابردوو و شەڕە چل ڕۆژەکە، پێگەی سپای پاسدارانی لەناو پێکهاتەی کۆماری ئیسلامیدا پتر لە جاران بەهێز کردووە. دیاریکردنی موجتەبا خامنەیی وەک جێنشینی باوکی، سەرەڕای دژایەتیی توندی باڵی میانەڕەوان بە سەرۆکایەتیی ڕۆحانی، ڕیفۆرمخوازانی ناو دەسەڵات و تەنانەت بەشێک لە ئوسوولگەراکان، نیشانەیەکی ڕوونی ئەم ڕەوتەیە. ئەگەر لە ڕابردوودا کادری ڕێبەریی سپای پاسداران بە هەماهەنگی لەگەڵ عەلی خامنەیی نەخشەی سیاسی دەسەڵاتیان بۆ هەر قۆناغێک دادەڕشت، ئەوا لەمەودوا سپا ڕۆڵی سەرەکیی دەبێت لە دیاریکردنی نەخشەی سیاسی دەسەڵاتدا. بەم ڕۆڵە تەوەرییەی سپا، دەوڵەتی "هەڵبژێردراو" پێگەیەکی پەراوێزخراوتری لە پێکهاتەی حوکمڕانیدا دەبێت. هەروەک چۆن سەردەمی شەڕ سەلماندی، سپای پاسداران زیاتر لە ڕابردوو پشتی بە بیری ناسیۆنالیزمی ئێرانی لەناو کۆمەڵگادا بەستووە و بە پشتبەستن بە هەمان مەیلی کۆمەڵایەتی، ڕۆڵی ڕووحانییەت لەناو پێکهاتەی حکومەتدا کەمدەکاتەوە. ئەگەرچی لەوانەیە بە کەمبوونەوەی ڕۆڵی ڕووحانییەت، کەمێک نەرمی بەرامبەر بەو ئازادییە فەرهەنگییانە بەدی بکرێت کە بەرهەمی خەباتی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانن، بەڵام گومان لەوەدا نییە کە لە قۆناغی پاش شەڕدا، سپای پاسداران بە ڕێبازێکی فاشیستییەوە دێتە پێشەوە و بە قۆستنەوەی هەلومەرجی دوای شەڕ، فەزای کۆمەڵگا زیاتر میلیتاریزە دەکات و سەرکوتکردن زۆر توندتر دەکاتەوە. بەردەوامبوونی شەپۆلی دەستبەسەرکردن و لەسێدارەدانی زیندانییانی سیاسی بە بیانووی سیخوڕی بۆ ئیسرائیل، پچڕاندنی ئینتەرنێت و پەیوەندی لەگەڵ جیهان، و دانانی خاڵی پشکنین لە شارە گەورەکاندا، سەرەتایەکن بۆ چڕکردنەوەی ئەم ڕێبازە فاشیستییە. بەڵام لەبەر ئەوەی قۆناغی دوای شەڕ قۆناغی قووڵبوونەوەی خەباتی چینایەتییە، کرێکاران و جەماوەری ئازادیخوازی ئێران لە بەرامبەر هێرشی دەوڵەتی نیزامییەکاندا دەستەوسان دانانیشن. ڕاستە کە ئەم شەڕە ئیمپریالیستی و کۆنەپەرستانەیە بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و نارەزایەتییەکانی دیکەی پەراوێز خست، هەروەها ئەو توێژەی چینی مامناوەندیش کە کەوتبوونە ژێر کاریگەریی پڕوپاگەندەی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی و بۆ ڕووخاندنی ڕژێم ئومێدیان بە دەستێوەردانی زلهێزە ئیمپریالیستەکان بەستبوو، تووشی جۆرێک لە بێهیوایی و وەرەڕووخان بوون، بەڵام مەسەلە یەکلاکەرەوەکە ئەوەیە کە چینی کرێکاری ئێران لەسەر بەستێنی ڕەوتی ڕوو لە گەشەی نارەزایەتی و مانگرتنە کرێکارییەکان (بەتایبەتی لە دوو دەیەی ڕابردوودا) گەیشتووەتە ئاستێک لە هۆشیاری، ئەزموونی کرداری و توانای ڕێکخستن، کە سەرەڕای بوونی شەڕ، ئەم دەستکەوتانە لەناو نەچوون. چینی کرێکار بە پشتبەستن بەم ئەزموون و دەستکەوتانە، لە ڕێگەی نارەزایەتی و مانگرتنەکانیەوە دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕەپانی سیاسی کۆمەڵگا

ئەوەی بۆ بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە یەکجار گرینگە، هۆشیاربوونەوەیە بەو زەروورەتەی کە ئەمجارە بە کۆبەندیی وانە و ئەزموونەکانی شەڕی دوازدە ڕۆژە و شەڕی چل ڕۆژە، و بە پەند وەرگرتن لە ئەزموونەکانی ڕاپەڕینە سەرتاسەرییەکانی هەشت ساڵی ڕابردوو، بە شێوەیەکی هۆشیارانەتر و ڕێکخراوتر خەبات دژی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی درێژە پێبدەن و پەرەی پێبدەن. بەپێچەوانەی هەڵوێست و سیاسەتە شەڕخوازەکانی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازییەوە کە خەریکی چرکەژمێری بوون بۆ دەستپێکردنی هێرشەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل، ئەزموونی ئەم شەڕانە نیشانی دا کە خەون و خەیاڵی گەیشتن بە "ئازادی، خۆشگوزەرانی و سەقامگیری" لە ڕێگەی دەستتێوەردانی زلهێزە ئیمپریالیستەکانەوە، تا چ ڕادەیەک پووچ و بێبنەمایە و چەندە بۆ بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران زیانبەخش و کوشندەیە. لەبری ئەوەی ئازادی و خۆشگوزەرانی

بە بۆمب و مووشەک لە ئاسمانەوە بێتە خوار، سەرۆککۆماری ئەمریکا بە فەرمی و بە هەڕەشەوە، بەڵێنی "سڕینەوەی شارستانیەتی ئێران و گەڕانەوە بۆ سەردەمی بەردین"ی دا. جگە لە ئەزموونی ئەم شەڕانە، ئەزموونی ڕاپەڕینە سەرتاسەرییەکانی هەشت ساڵی ڕابردوو و نیوەگیانکردنی کۆماری ئیسلامی، لە هەمان کاتدا کە سەلماندی ئازادبوونی کرێکاران و جەماوەری چەوساوەی ئێران لە چنگی ئەم ڕژێمە تەنیا بە دەستی خۆیان بەدی دێت، ئەم ڕاستییەشی وەبیر هێنایەوە کە حکومەتی ئیسلامی بەو پێکهاتەیەی هەیەتی، بە ناڕەزایەتیی خۆڕسکی سەر شەقام و ڕاپەڕینە بێڕێکخراوەکان ناڕووخێت، بەڵکوو پێویستە پێداویستییەکانی ڕووخاندنی (بە مانا و چەمکی ڕێکخستن، پێکهێنانی ڕێبەرییەکی سەرتاسەری و خستنەڕووی وێنەیەکی ڕوون لە مانای سەرکەوتن) فەراهەم بکرێت. ئەم ئەزموونانە، وەک هەموو ئەزموونەکانی سەدەی بیست و بیستویەکەم، جارێکی دیکە ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی ئامادەبوونی ڕێکخراوەیی چینی کرێکار و بزووتنەوەی سۆسیالیستی ئەم چینەی لە گۆڕەپانی سیاسی کۆمەڵگا و گرینگی گرێدانی کارگە و شەقامی بۆ هەر گۆڕانکارییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی سەلماند

بەڵام ئەم ئامانجە بێ یەکگرتوویی چالاکانی سۆسیالیستی بزووتنەوەی کرێکاری لە دەوری ستراتیژییەکی سۆسیالیستی، کە ڕێکخستنی ئەم بزووتنەوەیە بخاتە چەقی کارەکانیەوە، مەحاڵە. بزووتنەوەی سۆسیالیستیی ئێران بۆ مسۆگەرکردنی پێشڕەویی خۆی هیچ ڕێگایەکی لابڕی لەپێش نییە و دەبێت کۆڵەکەکانی دەسەڵاتی خۆی لەناو چینی کرێکار و بزووتنەوەی ئەم چینەدا نۆژەن بکاتەوە یان سەرلەنوێ دروستیان بکاتەوە. دەبێت ڕێکخراوە و دامەزراوە چینایەتی و سەربەخۆ کرێکارییەکان دابمەزرێن. ئەگەر دەگوترێت "سیستەمە کۆنەکە خەریکە دەمرێت، و سیستەمە نوێیەکە هێشتا ناتوانێت لەدایک ببێت"، ئەوا تەنیا بە نۆژەنکردنەوەی کۆڵەکەکانی دەسەڵاتی سۆسیالیزم لەناو چینی کرێکاردا دەکرێت زەمینە بۆ لەدایکبوونی سیستەمێکی نوێ فەراهەم بکرێت

یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی ستراتیژیی سۆسیالیستی کە پێویستە هەڵسووڕاوانی سۆسیالیستی بزووتنەوەی کرێکاری لە دەوری یەکبگرن، پەرەدانە بە مانگرتن و ناڕەزایەتییەکان لەسەر بنەمای داواکارییە هەنووکەییەکانی کرێکاران. ئەم بنەما ستراتیژییە لە چەند ڕوویەکەوە گرنگی هەیە: مانگرتن و ناڕەزایەتییە کرێکارییەکان گرنگترین سەنگەربەندی چینی کرێکارن لە بەرامبەر پەلاماری دەوڵەت و سەرمایەداران بۆ سەر کار، ژیان و بژێوی کرێکاران. مانگرتن و ناڕەزایەتییەکانی کرێکاران کاریگەرترین میکانیزمی خۆڕێکخستنن، ڕێکخراوە کرێکارییەکان لە بۆشاییدا دروست نابن، بەڵکوو لە ڕەوتی ناڕەزایەتی و مانگرتندایە کە کرێکاران لە ئاستی جەماوەریدا لە پێویستی خۆڕێکخستن تێدەگەن. سۆسیالیستەکان بە پەرەپێدان و بەشداریی چالاکانە لەم بزووتنەوە ناڕەزایەتییانەدا، لە کردەوەدا نیشانی دەدەن کە نەک تەنیا سەبارەت بە داهاتووی چینی کرێکار، بەڵکوو سەبارەت بە دۆخی کار، ژیان و بژێویی ڕۆژانەی کرێکارانیش خۆیان بە خەمخۆر و بەرپرسیار دەزانن و بۆیان گرنگە کە نانێک بخەنە سەر سفرەی بنەماڵە کرێکارییەکان. لە جەرگەی ئەم ناڕەزایەتییانەدایە کە سۆسیالیستەکان و ڕادیکاڵەکانی بزووتنەوەی کرێکاری دەتوانن ئەم هۆشیارییە ببەنە ناو ڕیزەکانی کرێکاران کە بۆ کۆتاییهێنان بە هەژاری و نەهامەتی ئابووری و بێمافییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئێستا، و بۆ گەیشتن بە ئازادی و خۆشگوزەرانی، نەک تەنیا دەبێ دژی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی، بەڵکوو دەبێ دژی پەیوەندییە سەرمایەدارییە زاڵەکانیش ڕاپەڕن

بنەمایەکی دیکەی ستراتیژیی سۆسیالیستی، بەرزکردنەوەی ئاستی خۆڕێکخستنی چینی کرێکار و پێکهێنانی ڕێکخراوە جەماوەری و چینایەتییەکانی کرێکارانە لە جەرگەی خەباتە هەنووکەییەکاندا. لەم بوارەدا پێش هەر شتێک پێویستە دەستکەوتەکانی تا ئێستای بزووتنەوەی کرێکاری بە فەرمی بناسرێن. کۆمیتەکانی کارگە، کۆمیتەکانی مانگرتن، کۆبوونەوە گشتییەکان، ڕێکخراوەکانی مامۆستایان، خانەنشینان، پەرستاران و شۆفێرانی بارهەڵگر... کە چرۆی شورا کرێکارییەکان و سەندیکا و ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی دیکەی کرێکارانن، بەرهەمی هەمان ڕەوتی خەباتەکانی تا ئێستان. پێویستە سۆسیالیستەکانی بزووتنەوەی کرێکاری بە پشتبەستن بە ئەزموونەکانی تا ئێستا و بە لەبەرچاوگرتنی بوونی کادری بەئەزموون لەم بوارەدا، پرۆژەیان بۆ دروستکردنی ڕێکخراوە جەماوەری و چینایەتییەکانی کرێکاران لە کەرتە جیاوازەکاندا هەبێت، تاوەکوو لە ڕێگەی باشتربوونی هاوسەنگی هێز لە بەرژەوەندی چینی کرێکاردا، ئەم هەوڵانە بەرهەم بهێنن

بنەمایەکی دیکەی ستراتیژیی سۆسیالیستی لە هەلومەرجی ئێستادا، هەوڵدانە بۆ سەرتاسەری کردنی مانگرتنە کرێکارییەکان. لە هەلومەرجی ئێستادا کە نەبوونی ڕێکخراوە جەماوەری و چینایەتییە سەرتاسەرییەکانی کرێکاران وەک کۆسپێکی جدی لە بەردەم سەرتاسەری بوونی مانگرتن و ناڕەزایەتییە کرێکارییەکان لە کۆمەڵگە پیشەسازییەکان و ناوەندەکانی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاریدا دێتە ئەژمار، پێکهێنانی دامەزراوەیەک کە پێکهاتبێت لە نوێنەرانی ڕێکخراوە و ناوەندە ڕیشەدار و سەربەخۆ کرێکارییەکان، هەروەها ئەو ڕێبەر و هەڵسووڕاوانەی کە لە ناوەندە گەرمەکانی خەباتی کرێکاراندا ئامادەییان هەیە و خاوەنی پەیوەندییەکی زیندوو و ئۆرگانیکن لەگەڵ کرێکاراندا، دەتوانێت تا ڕادەیەک ئەم بۆشاییە پڕ بکاتەوە. دروستکردنی دامەزراوەیەکی لەم شێوەیە دەتوانێت ڕۆڵی خۆی لە پێوەنددان و سەرتاسەری کردنی مانگرتن و ناڕەزایەتییە کرێکارییەکاندا بگێڕێت

بۆ سۆسیالیستەکانی بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە، دیاریکردنی وردی دروشمە تاکتیکی و ستراتیژییەکان گرنگییەکی یەکلاکەرەوەی هەیە. چونکە جەماوەری کرێکاران و بێبەشانی کۆمەڵگە لە دەوری ئەو دروشمانە یەکدەگرن کە گوزارشت لە پێداویستییە ڕاستەقینە و دەستبەجێیەکانیان دەکەن. دیاریکردنی ئەو دروشمانەی کە ڕیشەیان لە قووڵایی کۆمەڵگەدایە، دەتوانێت پەیوەندیی سۆسیالیستەکان لەگەڵ کۆمەڵگەدا قووڵتر بکاتەوە. بۆ نموونە دروشمی "نان، کار، ئازادی" کە لە هەناوی ڕاپەڕینی بێبەشانی کۆمەڵگەوە سەری هەڵداوە و بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان بەیەکەوە گرێ دەدات، دەتوانێت یەکێک لەم دروشمە تاکتیکییانە بێت. یان دروشمەکانی وەک "زیندانی سیاسی دەبێ ئازاد بکرێت"، "سزای لەسێدارەدان دەبێ هەڵبوەشێتەوە"، ئەو دروشمە تاکتیکیانەن کە جەماوەریی بوونیان دەتوانێت ڕۆڵێکی کاریگەر لە پاشەکشەپێکردنی دەزگای سەرکوتگەری کۆماری ئیسلامیدا بگێڕێت. یان جەختکردنەوە لەسەر داواکارییەکانی وەک تەندروستی و دەرمانی بێبەرامبەر، خوێندنی بێبەرامبەر و بیمەی بێکاری، پێویستە لە دروشمە تاکتیکییەکاندا ڕەنگ بدەنەوە. لە جەرگەی ئەو هەژاری و نەهامەتییەی کە حکوومەتی ئیسلامی سەرمایەداران بەسەر زۆرینەی خەڵکی ئێرانیدا سەپاندووە، ئەم داواکارییانە جێگەی پەسەندی کۆمەڵگەن. هەروەها دروشمە ستراتیژییەکانی "ئازادی، یەکسانی، بەڕێوەبردنی شورایی" یان "نان، کار، ئازادی، بەڕێوەبردنی شورایی"، ئەو دروشمانەن کە لە هەمان کاتدا ئامانجگەلی شۆڕشگێڕانە و خەبات بۆ سۆسیالیزم بە کردەوەی سیاسیی ڕۆژانەوە گرێ دەدەن، و وێنایەکی چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە لە قۆناغی دوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامی دەخەنە ڕوو، هاوکات سنوورێکی یەکلاکەرەوەش لەگەڵ ئەو هێزە ئۆپۆزیسیۆنە بۆرژوازییانە دادەنێن کە خوازیاری دەستاوەستکردنی دەسەڵاتی سیاسین لە سەرووی سەری خەڵکەوە

شەڕی چل ڕۆژە، هەموو حیزب و هێزە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی خستە بەر مەحەکی تاقیکردنەوە. پاشایەتیخوازە فاشیستەکان، ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵك، هەندێک لە ڕەوتە کۆماریخوازەکان، حیزبە ناسیۆنالیستەکان لە کوردستان کە سات ژمێریان بۆ هێرشی ئەمریکا و ئیسرائیل دەکرد، جارێکی دیکە بێگانەبوونی خۆیان لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی ستەمدیتەی ئێران نیشان دا. لە کاتێکدا بۆردومانی ژێرخانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، کۆمەڵکوژیی منداڵان و خەڵکی بێدەرەتان، پەرەسەندنی بێکاری، هەڵاوسانی کۆنترۆڵنەکراو و قووڵبوونەوەی هەژاری و نائەمنی، کۆمەڵگەی گەیاندبووە لێواری داڕمان، ئەم بەشە لە ئۆپۆزیسیۆن هەروا دەهۆڵی بەردەوامبوونی شەڕیان دەکوتا، بەو هیوایەی لە ڕێگەی هێرشەکانی ئەمریکا و ئیسرائیلەوە کۆماری ئیسلامی بڕووخێنن و بە دەستبەسەرداگرتن و دابەشکردنی دەسەڵات لە بان سەری خەڵکەوە، دیکتاتۆرییەکی سەرمایەداری نائایینی بکەنە جێنشینی دیکتاتۆری ئایینی. لەبەر ئەمە یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی هەڵسووڕاوانی سۆسیالیست، دەرهێنانی خەڵکە لە ژێر هەژموونی ستراتیژی و سیاسەتەکانی ئەم بەشە لە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوایی. هاوکات دەبێ ماهییەتی کۆنەپەرستانەی هەڵوێست و کارکردی هێزەکانی "چەپی میحوەری موقاوەمەت" ئاشکرا بکرێت، کە ستراتیژی پێشگیرانە و شەڕخوازی کۆماری ئیسلامی وەک بەشێک لە بەرگریکردن لە بەرامبەر هەژموونی سەرمایە و ئیمپریالیزمدا دەناسێنن. چەپی لایەنگری میحوەری موقاوەمەت، بە بەرگریکردن لە کارنامەی پڕ لە تاوانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی لە ناوخۆی ئێران و پاڵپشتیکردن و پڕچەککردنی گرووپە تیرۆریستە ئیسلامییەکانی ناسراو بە

"میحوەری موقاوەمەت". لە ڕاستیدا گرێدراویی قووڵی خۆی بە ناسیۆنالیزم و پاوانخوازی سەرشۆڕانەی سوپای پاسداران و لە هەمان کاتدا دژایەتی خۆی لەگەڵ بزووتنەوەی ئازادیخوازی لە ئێراندا سەلماندووە. دەبێ هۆشیارکردنەوە سەبارەت بە سرووشتی ڕاستەقینەی هەڵوێست و سیاسەتەکانی ئەم دۆستە درۆیینانەی خەڵک، بکرێتە بەشێک لە بیروڕای گشتی و بەشێک لە هۆشیاری کرێکاران و زەحمەتکێشان

بنەمایەکی دیکەی ئەم ستراتیژییە، سۆسیالیستەکانی بزووتنەوەی کرێکاری پابەند دەکات کە بۆ خۆڕێکخستنی کرێکاران، و لە قۆناغی یەکەمدا ڕێبەران، هەڵسووڕاوان و پێشەنگە ڕادیکاڵەکانی بزووتنەوەی کرێکاری، لەناو حیزبی سیاسی چینایەتی و کۆمۆنیستی خۆیاندا نەخشە و پلانیان هەبێت. چونکە چینی کرێکار بۆ بەرگریکردن لە بەرژەوەندییە تایبەتە چینایەتییەکانی خۆی لە مەیدانە جیاوازەکانی خەباتی ئابووری، سیاسی و تیۆریکدا، و بۆ ئامادەیی سەربەخۆ لە مەیدانی ململانێ و کێشمەکێشە سیاسی و چینایەتییەکاندا، هەروەها بۆ ڕێکخستنی شۆڕشی کرێکاری، پێویستی بە حیزبی سیاسیی کۆمۆنیستی خۆی هەیە. بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە هەڵسووڕاوانی سۆسیالیستی بزووتنەوەی کرێکاری هەموو بژاردەکان بخەنە سەر مێزەکەیان. ئەگەر یەکێک لە بژاردەکان پەیوەستبوون بێت بە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران یان ئەڵتەرناتیڤەکانی دیکەی ناو بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و بەشداریکردن بێت لە دیاریکردنی چارەنووسیان، ئەوا بژاردەیەکی دیکە دەتوانێت پێکهێنانی حیزبی چینایەتی و کۆمۆنیستی بێت بە پشتبەستن بەو ماتریالە مرۆییە و کادرە کۆمۆنیستانەی کە لە ناو بزووتنەوەی کرێکاریدا بوونیان هەیە. چینی کرێکاری ئێران بە لەبەرچاوگرتنی ئەو بەرفراوانییەی کە هەیەتی، مەرج نییە تەنیا لە یەک حیزبدا، بەڵکوو دەکرێ لە چەند حیزبێکی سیاسیدا ڕێکبخرێت؛ ئەو حیزبانەی کە بەپێی بنەما نابێت بەرژەوەندییەکی جیایان لە بەرژەوەندییەکانی چینی کرێکار هەبێت

بزووتنەوەی کرێکاری بە پێشڕەوی کردن لەم بوارانەدایە کە دەتوانێت بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکانی وەک بزووتنەوەی ژنان، بزووتنەوەی خوێندکاران، بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان و بزووتنەوەی دژی لەسێدارەدان، بزووتنەوەی دادخوازی و... لەگەڵ خۆی هاوڕا بکات و ببێتە بڕبڕەی پشتی مانگرتنە گشتییە سیاسییەکان و ڕێکخستنی ڕاپەڕین بە مەبەستی ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی و سیستەمی چینایەتیی دەسەڵاتدار

لەبەر ئەوەی ژنان لە ئێران بە چوونە ناو بازاڕی کار، بەتایبەتی بازاڕی نافەرمی و بێ هیچ پاڵپشتییەکی یاسایی، بەشێک لە باری قورسی دابینکردنی بژێویی خێزانیان لەئەستۆ گرتووە، و لەبەر ئەوەی ماوەیەکی زۆرە بە شێوەیەکی بەرفراوان پێیان ناوەتە گۆڕەپانی خوێندنی باڵاوە، بە پشتبەستن بەم پێگە بابەتی و کۆمەڵایەتییە نوێیە، ڕۆڵی پێشەنگیان لە خەباتی دژی سیستەمی جیاکاری ڕەگەزیدا گێڕاوە. ژنان لەسەر بەستێنی ئەم گۆڕانکارییانە، بە پاشەکشەپێکردن بە سیاسەتی حیجابی زۆرەملێ و بە بەشداریی چالاکانەیان لە ڕاپەڕینە سەرتاسەرییەکان، ئامادەبوونیان لە بزووتنەوەی ناڕەزایەتیی مامۆستایان، خانەنشینان، پەرستاران، خوێندکاران، دادخوازان و بزووتنەوەی "نا بۆ سێدارە"، نەک هەر سیمای شەقام و شارەکانی ئێران، بەڵکوو سیمای بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و ناڕەزایەتییەکانیشیان گۆڕیوە. ژنان بە حوکمی ئەم ڕۆڵگێڕانەیان، کۆڵەکەیەکی سەرەکیی هەر گۆڕانکارییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتین لە ئێراندا. بزووتنەوەی ڕزگاریی ژنان لەسەر بەستێنی ئەم گۆڕانکارییانە دەتوانێت لە گەڕەکە هەژارنشینەکانی پەراوێزی شارەکانیشدا بە هەڵکردنی ئاڵای داواکارییە خزمەتگوزاری، ئازادیخوازانە و یەکسانیخوازەکان، و لە دژی فەرهەنگی ڕزیوی پیاوسالاری و باوکسالاری، هەروەها بە ڕێکخستنی ژنانی کرێکار و زەحمەتکێش کە باری قورسی کاری ناوماڵیان لەکۆڵ ناوە، لە ناو ئەنجومەن و شوراکانی ژناندا بەشێکی تر لە هێزە مەزنەکەی خۆی بهێنێتە مەیدان. سۆسیالیستەکانی بزووتنەوەی ژنان بە هێنانەمەیدانی ئەم هێزە کۆمەڵایەتییە، بە ستراتیژیی یەکگرتن لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری و بە ئاسۆی کۆتاییهێنان بە چەوسانەوەی ژنان و گۆڕینی کاری ناوماڵ بۆ کاری کۆمەڵایەتییە کە دەتوانن پێشڕەویی بزووتنەوەی ژنان دەستەبەر بکەن

لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستاندا، گرنگترین میکانیزم بۆ دروستکردنی ئامادەیی بەمەبەستی وەڵامدانەوە بە پێداویستییەکانی ئەم قۆناغە، ڕەخساندنی دەرفەتە بۆ پێشڕەوی و پووچەڵکردنەوەی ئەو مەترسییانەی کە هەڕەشە لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان دەکەن. هەوڵ و تێکۆشانی هەڵسوڕاوانی کۆمەڵە و سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکانی تر بۆ هاندانی ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان دژی گرانی، بێکاری، کەمئاوی و بێکارەبایی، دژی سەرکوتگەرییەکانی ڕژێم و هێنانەگۆڕێی دروشمە گونجاوەکان لەگەڵ پێداویستییە ڕاستەقینەکان، باشترین دەرفەت دەڕەخسێنێت بۆ ڕێکخستنی ئەم بزووتنەوە ناڕەزایەتی و کۆمەڵایەتییانە، پێکەوەگرێدانی هەڵسوڕاوان و ڕێکخەرانی ئەم بزووتنەوانە، و پێکهێنانی تۆڕێکی ڕێبەری لە ئاستی گەڕەکەکان و شارەکانی کوردستاندا. تەنیا بە ڕۆڵگێڕان لە ڕێکخستنی بزووتنەوە ناڕەزایەتی و کۆمەڵایەتییەکانە کە دەتوانرێت ئاڵتەرناتیڤی حاکمییەتی شوراییی خەڵکی کوردستان بکرێتە گوتارێکی بەهێز لە کوردستاندا. بەڵام نابێت لەو مەترسییەش غافڵ بین کە حیزبە ناسیۆنالیستەکانی کوردستان، کە پێش شەڕ، بۆ دەستپێکردنی هێرشەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل، بە وەهمی ڕووخانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی و دەستاودەستکردنی دەسەڵاتی سیاسی لەسەرووی خەڵکەوە چرکەژمێرییان دەکرد، و بە دەستپێکردنی مووشەکباران و بۆردومانەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل ئامادەیی خۆیان بۆ بوون بە هێزی پیادەی ئەم شەڕە ڕاگەیاند، ئەگەری هەیە لە قۆناغی پاش شەڕیشدا ئامادەیی خۆیان بۆ دیالۆگ و دانوستان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی نیشان بدەن. لە وەها هەلومەرجێکدا هەر جۆرە ڕاگەیاندنێکی ئامادەیی ئەم حیزبانە بۆ سازش لەگەڵ ڕژێم، دەتوانێت خەڵکی کوردستان لەباتی هاندان بۆ درێژەدان بە خەبات، لە دۆخی چاوەڕوانیدا بهێڵێتەوە و لە نێوان بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان و بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی سەرتاسەریدا دووبەرەکی بنێتەوە. پێویستە هەڵسوڕاوانی سۆسیالیست لە کوردستان، وشیارکردنەوەی جەماوەر لەسەر ماهییەتی ڕاستەقینەی هەڵوێست و سیاسەتەکانی حیزبە ناسیۆنالیستەکان و لێکەوتە زیانبەخشەکانی ئەم سیاسەتانە، بە بەشێک لە ئەرکە هەمیشەییەکانی خۆیان بزانن. پێشڕەویی کۆمەڵە وەک ڕەوتێکی کۆمۆنیستی و بەرگریکاری لێبڕاوی بەرژەوەندییەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان، و ئاڵاهەڵگری ئاڵتەرناتیڤی حاکمییەتی شوراییی خەڵک لە کوردستان، بە ڕێڕەوی جێبەجێکردنی ئەم ئەرکانە، ڕەخساندنی ئەم دەرفەتانە و وشیاری لە بەرامبەر ئەم مەترسییانەدا تێدەپەڕێت

لە هەلومەرجێکدا کە لەسەر بەستێنی پەرەسەندنی بێکاری و هەژاری و نەهامەتیی ئابووری، سەرکوتکردن بە ئامانجی تۆقاندنی خەڵکی ناڕازی و وەگیانهاتوو بووەتە ستراتیژیی مانەوەی سەرجەم باڵەکانی حکومەتی ئیسلامی، پێویستە لە دەرەوەی وڵات بە بەشداریکردن لە ڕێکخستنی کەمپەینە سیاسی و تەبلیغییەکان، پشتیوانی لە خواست و داواکارییەکانی بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکانی تر بکرێت و بە پەرەپێدانی هاوپشتی لەگەڵ بزووتنەوەی "نا بۆ سێدارە" کە ئاڵاکەی لە زیندانەکانی ئێراندا هەڵکراوە، ستراتیژیی سەرکوتی ڕژێم پاشەکشەی پێ بکرێت. هەر لەم ڕاستایەدا، پێویستە ڕێکخستنی دەرەوەی وڵاتی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، کۆڵەکەیەکی سەرەکیی ڕێکخستنی کەمپەینە سیاسی و تەبلیغییەکان بێت لە دژی شەپۆلی لەسێدارەدانەکان و بۆ ئازادیی زیندانییانی سیاسی. کۆمیتەی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزب لە درێژەی چالاکییەکانی تا ئێستاییدا، بە فراوانکردنی پەیوەندی و گرێدانەکانی خۆی لەگەڵ هێزە ڕادیکاڵ و سۆسیالیستەکان لە وڵاتانی جیاوازدا، دەتوانێت یارمەتیدەری چالاکییە ئینتەرناسیۆنالیستییەکانی حیزب بێت لە خزمەت بەهێزکردنی بزووتنەوەی کرێکاری و سۆسیالیستیی ئێران

حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بە هەوڵ و خەباتی ماندوونەناسانە و بە یارمەتیدانی ئەم ڕەوتانە، دەتوانێت پەیوەندییە سیاسی و مەعنەوییەکانی خۆی لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری و هێزی چەپی کۆمەڵایەتی زیاتر لە جاران بکاتە پەیوەندییەکی زیندوو و ئۆرگانیک، وە تا چەندە بتوانێت یارمەتیی پەرەسەندن و دارشتنەوەی پایەکانی هێزی کۆمۆنیستەکان لە نێو چینی کرێکاردا بدات، ئەوەندەش دەتوانێت پێشڕەویی خۆی لە ڕێڕەوی ستراتیژیی سۆسیالیستیدا دەستەبەر بکات

❋❋❋

# ڕاگەیاندنی بەڕێوەچوونی پلێنۆمی پێنجەمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

پلێنۆمی پێنجەمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، هەڵبژێردراوی کۆنگرەی چواردەیەم، ڕۆژی شەممە ٩ی جۆزەردانی ١٤٠٥ بەرامبەر بە ٣٠ی مەی ٢٠٢٦ بە بەشداری ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بەڕێوە چوو. لەم پلێنۆمەدا، ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە و کۆمیتەی تەشکیلاتی دەرەوەی وڵاتی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران وەک چاودێر بەشدار بوون. پلێنۆم بە سروودی "ئینتەرناسیۆنال"؛ سروودی هاوپشتی جیهانی چینی کرێکار و یەک خولەک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یاد و بیرەوەریی گیانبەختکردووانی ڕێگای ئازادی و سۆسیالیزم



دەستی بە کارەکانی کرد و پاشان پێی نایە نێو دەستووری کاری پلێنۆم کە بریتی بوون لە: ڕاپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی ئیجرایی بۆ پلێنۆم، ڕاپۆرتی تەشکیلاتی کۆمیتەکان و ئۆرگانە تەشکیلاتییەکان، پێداچوونەوەی بڕیارە پێشنیارکراوەکان، و دارشتنەوە و دابەشکردنی کار لەنێو کۆمیتەی ناوەندیی حیزبدا

لە تەوەری پەیوەندیدار بە ڕاپۆرتی سیاسی، ڕەشنووسی بەیاننامەی سیاسی کە لەلایەن کۆمیتەی ئیجرایی حیزبەوە ئامادە کرابوو و خرابووە بەردەستی هاوڕێیانی بەشدار لە پلێنۆم، خرایە بەر باس و لێکۆڵینەوە و سەرەنجام خاڵە گشتییەکانی لەلایەن پلێنۆمەوە پەسەند کرا. بڕیار درا کۆمیتەی ئیجرایی هەڵبژێردراوی پلێنۆم لەسەر بنەمای تێبینییە ڕەخنەیی، تەواوکەری و وردبینانەکانی نێو ئەو باسە، دەقی کۆتایی بەیاننامەکە بۆ بڵاوکردنەوە ئامادە بکات

ئەم بەیاننامەیە وێڕای شیکردنەوەی دەرئەنجامەکانی شەڕی ئیمپریالیستی و کۆنەپەرستانەی دەوڵەتەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ ڕژێمی کۆماری ئیسلامی و شوێنەوارەکانی لەسەر کار، ژیان، گوزەران و خەباتی چینی کرێکار و زۆرینەی خەڵکی ئێران، لاوازی و بەربەستەکانی بەردەم ئەمریکا و ئیسرائیل بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان لەم شەڕەدا، قووڵبوونەوەی قەیرانەکانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی و بەردەوامبوونی ململانێ و کێشمەکێشی باندە حکوومەتییەکان لەسەر بەستێنی ئەم قەیرانانە، تیشک دەخاتە سەر ئاسۆی بارودۆخی سیاسی ئێران و هەلومەرجی خەباتی چینایەتی، ئاراستە و ئەرکەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لەم قۆناغەدا و گرنگی یەکگرتوویی هەڵسووڕاوانی سۆسیالیستی بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە لە دەوری ستراتێژییەکی سۆسیالیستی

کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی لە بەشی ڕاپۆرتە تەشکیلاتییەکاندا، گوێبیستی ڕاپۆرتی کاری ئەم ئۆرگانانە بوو: کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە، کۆمیتەی تەشکیلاتی شارەکان، کۆمیتەی تەشکیلاتی دەرەوەی وڵات، شۆرای تەلەڤیزیۆنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە، بڵاوکراوەی "جهان امروز"، دەستەی نوێنەرایەتیی حیزب لە "شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان"، کۆمیتەی بەڕێوەبردنی ماڵپەڕ و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی حیزب، کۆمیتەی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان، کۆمیسیۆنی دارایی و کۆمیتەی ئیجرایی حیزب. پاشان پلێنۆم سەرجەم ڕاپۆرتەکانی خستە بەر باس و هەڵسەنگاندنەوە و لە درێژەشدا ئۆرگانە جۆراوجۆرەکانی تێکۆشانی حیزبی پەتەوتر کرد و سەرلەنوێ ڕێکیخستنەوە

لە تەوەری پێداچوونەوە و تاوتوێکردنی بڕیارە پێشنیارکراوەکاندا، بڕیارێک لەلایەن پلێنۆمەوە پەسەند کرا کە بەپێی ئەو بڕیارە، کۆمیتەی ناوەندیی حیزب وەک بەشێک لە کاری ئامادەکاریی سیاسی بۆ کۆنگرەی پازدەیەم، باسی بەڕۆژکردنەوەی بەڵگەنامەکان، بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و ستراتێژیی حیزب دەخاتە نێو دەستووری کاری خۆی و بەشە جۆراوجۆرەکانی تەشکیلاتی حیزبەوە

پلێنۆم لە برگەی کۆتایی کارەکانیدا، بە مەبەستی ڕێبەری و ئاراستەکردنی چالاکییە سیاسی و تەشکیلاتییەکانی حیزب لە ماوەی نێوان دوو پلێنۆمدا، لە نێو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب، ٩ کەس لە هاوڕێیانی بە ناوەکانی: هەڵمەت ئەحمەدیان، ڕەئووف پەرەستار، نوسرەت تەیموورزادە، شەمسی خورەمی، ئارام فەرەجوڵلاهی، حەسەن شەمسی، ئەحمەد عەزیزپوور، جەلال محەممەدنژاد و سەلاح مازووجی وەک ئەندامانی کۆمیتەی ئیجرایی حیزب هەڵبژارد

**کۆمیتەی ئیجرایی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

١٢ی جۆزەردانی ١٤٠٥

٢ی ژوئەنی ٢٠٢٦

***

# ڕێکخراوی جیهانی کار، هاودەستی حکوومەتی ئیسلامیی سەرمایەداران لە دژی کرێکاران

سەد و چواردەیەمین کۆنفرانسی ڕێکخراوی جیهانیی کار لە ڕۆژانی ١ تا ١٢ی ژوئەنی ٢٠٢٦ لە شاری ژنێڤی سویس بەڕێوە دەچێت. کۆبوونەوەی نێونەتەوەیی ئەم ڕێکخراوەیە لە هەلومەرجێکدا بەڕێوە دەچێت کە لێکەوتەکانی شەڕی ئیمپریالیستی و کۆنەپەرستانەی دەوڵەتانی ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی، ئاسایش، کار، ژیان و بژێوی و خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشان و زۆرینەی خەڵکی ئێران و وڵاتانی ناوچەی کەنداوی خستووەتە دۆخێکی یەکجار دژوارترەوە. حکوومەتی ئیسلامی سەرمایەداران کە بەرەیەکی ئەم شەڕە کۆنەپەرستانەیە، بە بیانووی ئەم شەڕەوە، کار و ژیان و مانونەمان و خەباتی ئەم چینە و زۆرینەی خەڵکی ئێرانی زیاتر لە جاران خستووەتە نێو مەنگەنەوە. ئەم شەڕە بە کۆمەڵکوژی هەزاران کەس و ئاوارەیی و وێرانکردنی ژێرخانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، پچڕاندنی ئینتەرنێت و بێکارکردنی زیاتر لە سێ ملیۆن کرێکار و پەرەپێدانی شەپۆلی سەرکوت و لەسێدارەدانی زیندانییانی سیاسی، نەک هەر بنەماکانی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی خستووەتە بەر پەلامار، بەڵکوو بە پەراوێزخستنی بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و نارەزایەتییەکانی دیکە، ڕەوتی گەشەسەندنی ئەم بزووتنەوانەی لە بواری خۆڕێکخستن و سازمانیابیدا تووشی وەستان کردووە

ڕێکخراوی جیهانی کار هەموو ساڵێک شاندێک لەلایەن ڕژیمی کۆماری ئیسلامییەوە وەک نوێنەری کرێکارانی ئێران لە کۆبوونەوەی ساڵانەی خۆیدا وەردەگرێت، کە نەک هەر نوێنەری کرێکاران و پارێزەری مافەکانی چینی کرێکار نین لەم کۆبوونەوەیەدا، بەڵکوو لەو مۆرە و کارگێڕە حکوومییانەن کە هەوڵ دەدەن حەقدەستی چەندین هێندە خوارتر لە هێڵی هەژاری، بێبەشبوونی چینی کرێکار لە مافە سەرەتاییەکانی خۆی وەک مافی پێکهێنانی ڕێکخراوی سەربەخۆی کرێکاری و مافی مانگرتن، هەروەها ڕاوەدوونان و گرتن و بەندکردنی هەڵسووڕاوانی کرێکاری پەردەپۆش بکەن و حاشای لێ بکەن. ئەوان هەروەک لە ڕابردووشدا نیشانیان داوە، نەک هەر سەبارەت بە یاسا دژەکرێکارییەکانی کۆماری ئیسلامی و شەپۆلی بێکارکردنەکان و ئەو نەهامەتییانەی کە ئەم ڕژیمە بە بیانووی شەڕەوە بەسەر چینی کرێکاری ئێرانی سەپاندووە هیچ قسەیەک ناکەن، بەڵکوو ئەگەر لەلایەن شاندەکانی دیکەشەوە پرسیارێک لەم بارەیەوە بێتە ئاراوە، پاساو بۆ بێمافییەکان دەهێننەوە و ڕاستییەکان دەشارنەوە. ڕێکخراوی جیهانی کار لە کاتێکدا نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی لەم کۆبوونەوەیەدا وەردەگرێت کە زۆر باش دەزانێت ئەم ڕژیمە پابەند نییە بە هیچ یەک لە بڕیارنامەکانی ئەم ڕێکخراوەیە، وە لە ئێراندا هەڵسووڕاوە ناسراوەکانی بەرگریکار لە مافە سەرەتایی و پەسەندکراوەکانی کرێکاران (کە لەلایەن خودی ئەم ڕێکخراوەوە پەسەند کراون)، دەخرێنە ژێر چاوەدێرییەوە، لە زیندانەکاندان و ئەشکەنجە دەدرێن

سەرەڕای ئەوەی کە هەندێک لە ڕێکخراوە کرێکارییە جیهانییەکان، کۆماری ئیسلامی لەپای ئەو زەخت و زۆردارییە سەپێندراوانەی کە بەرانبەر بە کرێکاران دەیکات، مەحکووم دەکەن، بەڵام لە بەرانبەردا، ڕێکخراوی جیهانی کار بێباکانە لە ئاست ئەم هەموو نارەزایەتییە نێونەتەوەییە، وەک باوی هەموو ساڵێک، چەند مۆرەیەکی حکوومەتی لەگەڵ ژمارەیەک خاوەنکاری سەرمایەدار و چەند کەسێک لە داروودەستە و نۆکەرانی "خانەی کرێکار" و "شۆرا ئیسلامییەکانی کار"، بە ناوی "نوێنەری کرێکاران" لە کۆبوونەوەی خۆیدا وەردەگرێت بۆ ئەوەی لە داڕشتنی بڕیار و بڕیارنامەکانی ئەم ڕێکخراوەیەدا دەوریان هەبێت. ئەمە لە کاتێکدایە کە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە هیچ قۆناغێکدا نەک هەر لە پێناو وەدیهێنانی پەیماننامە و گرێبەستەکانی ئەم ڕێکخراوەیەدا هیچ هەنگاوێکی هەڵنەگرتووە، بەڵکوو سەرەتاییترین مافەکانی کرێکارانیشی پێشێل کردووە

لە ساڵانی دواییدا، بۆشایی ئامادەنەبوونی نوێنەرانی ڕاستەقینەی کرێکاران لەم کۆنفرانسەدا، لەلایەن بەرگریکارانی بزووتنەوەی کرێکاری لە ئێران بە ئامادەبوونی پڕجۆش و خرۆشیان لە بەردەم بینای شوێنی بەڕێوەچوونی کۆنفرانسەکە و بە سازدانی میتینگە نارەزایەتییەکان لە ناوەوە و دەرەوەی شوێنی بەڕێوەچوونی ئەم کۆنفرانسە پڕ کراوەتەوە. ئەمساڵیش لە ئاکامی هەوڵەکانی (کۆمیتەی سەرتاسەریی بەڕێوەبردنی گردبوونەوەی نارەزایەتی لە ژنێڤ) و بەدوای داواکاری لە سەندیکا و یەکێتییە کرێکارییەکان بۆ ڕاگەیاندنی هاوپشتی لەگەڵ خەباتی کرێکاران لە ئێران و پشتیوانیکردن لە گردبوونەوەی نارەزایەتی ٥ی ژوئەن، کە هاوکات لەگەڵ کۆنفرانسی ساڵانەی ڕێکخراوی جیهانیی کار لە بەردەم بارەگای ئەم ڕێکخراوەیە لە ژنێڤ بەڕێوە دەچێت، تا ئێستا ژمارەیەک لە یەکێتی و سەندیکا کرێکارییەکان لە ئەورووپا کە خاوەنی ملیۆنان ئەندامن، بەدەم ئەم بانگەوازەوە چوون و پشتیوانی خۆیان بۆ کرێکارانی ئێران و گردبوونەوە نارەزایەتییەکە دەربڕیوە، چ بە ڕاگەیاندنی ئامادەیی بۆ بەشداریکردن لە میتینگەکەدا و چ لە ڕێگەی ناردنی پەیامی نووسراو و دەنگییەوە

لە کاتێکدا کەمپەینی نێونەتەوەیی نارەزایەتی دەربڕین دژی بەشداریکردنی شاندە نێردراوەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ نێو ئەم کۆنفرانسە بەردەوامە، ژمارەیەک لە ڕێکخراوە کرێکارییەکان لە ئێران، لەوانە سەندیکای کرێکارانی نەیشەکەری حەوت تەپە، گرووپی یەکگرتوویی خانەنشینان، کۆمیتەی هەماهەنگی بۆ یارمەتیدان بە پێکهێنانی ڕێکخراوە کرێکارییەکان، و کرێکارانی خانەنشینکراوی خوزستان، لە ڕێکەوتی ٧ی جۆزەردانی ١٤٠٥ لە پەیامێکدا بۆ کرێکاران و یەکێتییەکان و ڕێکخراوە کرێکارییەکانی هەموو وڵاتان ڕایانگەیاند

«کۆماری ئیسلامی وەکوو یەکێک لە ئەندامانی ڕێکخراوی جیهانی کار، هەرگیز بڕیارەکانی کۆنڤانسیۆنەکان، پەیماننامەکان و یاسا بنچینەییەکانی کاری ڕەچاو نەکردووە و بچووکترین ڕێز و پێبەندییەکی بۆیان نەبووە. سەرەڕای هۆشداریدان و وشیارکردنەوەکانی هەڵسووڕاوان و ڕێکخراوە کرێکارییە سەربەخۆکانی ئێران و جیهان، دامەزراوەکانی سەر بە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی وەک "کانوونی باڵای شۆرای ئیسلامیی کار" لە بری نوێنەرانی سەربەخۆ و ڕاستەقینەی ڕێکخراوە کرێکارییەکان، نوێنەرانی خۆیان دەنێرنە کۆنفرانسی ساڵانەی ڕێکخراوی جیهانی کار. جێگای داخە کە ئەم مۆرە و کەسانەی سەر بە ڕژیم و پێشێلکارانی مافەکانی کرێکاران تەنانەت توانیویانە پلەیان بەرز بێتەوە بۆ ئەندامێتی لە دەستەی بەڕێوەبەری و کۆمیتەکانی دیکەشدا. هەر بۆیە ئێمە، وەکوو بەشێک لە کرێکاران و ڕێکخراوە سەربەخۆکانی کرێکاران و خانەنشینان، خوازیاری دەرکردنی نوێنەرانی کۆماری ئیسلامین لە ڕێکخراوی جیهانیی کار و داواکارین نوێنەرانی ڕاستەقینە و سەربەخۆی کرێکاران لەم ڕێکخراوەیەدا بەشدار بن»

سەرەڕای هەموو ئەم نارەزایەتییانە، لەبەر ئەوەی ڕێکخراوی جیهانی کار لە بنەڕەتدا بەدوای دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتە سەرمایەدارییەکانی ئەندامی ئەم ڕێکخراوەیەدایە، بە باوەشی ئاوەڵاوە پێشوازی لە شاندەکانی کۆماری ئیسلامی دەکات لە کۆبوونەوەی ساڵانەی خۆیدا. ئەم ڕێکخراوە جیهانییە، ڕێگە دەدات نوێنەرانی ڕژیمی دژەکرێکاری کۆماری ئیسلامی و دامەزراوەکانی سەر بەو ڕژیمە، وەک نوێنەری کرێکاران تێکەڵ بە باس و گفتوگۆکان بن و لە بڕیارەکانی کۆبوونەوەکەدا بەشدارییان پێ دەکات و بەم شێوەیە، ئەم ڕێکخراوەیە لە کرداردا بۆ پێشێلکردنی مافەکانی چینی کرێکاری ئێران لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دەبێتە هاودەست

❊ ❊ ❊



# ماشێنی سەرکوت و سێدارەی ڕژیمی ئیسلامی، تەنیا بە جەماوەریکردنی بزووتنەوەی نا بۆ سێدارە" لەکار دەخرێت"

لەگەڵ دەستپێکی شەڕی ٤٠ ڕۆژەی دەوڵەتانی ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، ڕژیم لەپێناو درێژەدان بە تەمەنی خۆیدا، جارێکی دیکە ڕەوتی دەرکردن و جێبەجێکردنی سزاکانی سێدارەی خێراتر کردووەتەوە. حکوومەتی ئیسلامی لە ماوەی سێ مانگی ڕابردوودا، هەزاران کەسی دەستبەسەر کردووە؛ زیاتر لە ٤٠ زیندانی بێدەرەتانی بە مەبەستی زاڵکردنی کەشێکی پڕ لە ترس و تۆقاندن بەسەر کۆمەڵگەدا لەسێدارە داوە؛ سزای مەرگیشی بۆ دەیان کەسی دیکە دەرکردووە، ئەویش بە تۆمەتی بێبنەما و سواوی وەک "سیخوڕی بۆ ئیسرائیل"، "هەوڵدان دژی ئاسایشی ناوخۆ"، "هاوکاریکردنی دوژمن لە ڕێگەی ناردنی وێنە و زانیاری بۆ میدیا بەناو دژبەرەکان"، "موحارەبە"، "بەغی"، "ئەندامێتی یان هاوکاریکردنی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان"، "جیاخوازی" و هتد

ئەم ڕژیمە گەندەڵە لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا، لە بەرامبەر هەر ڕاپەڕینێکی نارەزایەتیی جەماوەری و چینایەتیدا دژی حکوومەت، هەروەها دوای هەر شکست و ناکامییەک لە شەڕەکاندا، پەلاماری گیانی زیندانییان بەگشتی و زیندانییانی سیاسی بەتایبەتی داوە؛ تاوەکوو بە خەیاڵی خاوی خۆی لە ڕێگەی دروستکردنی کەشی ترس و تۆقاندن لە کۆمەڵگەدا، نارەزایەتییەکانی کرێکاران و جەماوەری خەڵکی نارازی بۆ بەدیهێنانی ویست و داواکارییەکانیان بە چۆکدا بهێنێت. بەم جۆرە، کۆماری ئیسلامی سەرکوت و سێدارە هەم وەک ستراتیژی و هەم وەک تاکتیکێک بۆ هێشتنەوەی دەسەڵاتەکەی بەکار دەهێنێت. لەم ڕوانگەیەوە، دەزگای قەزایی ڕژیم بە سەرۆکایەتی جەللاد "غولامحوسێن موحسینی ئەژەیی"، لە میانەی دادگاییکردنە نمایشییە چەند خولەکییەکاندا، تەنانەت بێ ڕەچاوکردنی یاسا درۆینەکانی خودی کۆماری ئیسلامی و بێ ئەوەی مافی بەرگریکردن بداتە تۆمەتبار یان پارێزەرەکەی، تەنیا بە پشتبەستن بە وەرگرتنی دانپێدانانی زۆرەملێ لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە کە لەژێر ئەشکەنجەی هاوشێوەی سەدەکانی ناوەڕاستدا وەرگیراون، سزای قورسی زیندان و سێدارە دەسەپێنێت. هەر لەبەر ئەم هۆکارەشە کە حوکمەکانی سێدارە لە دادگا داخراو و نائاشکراکاندا، لەلایەن دادوەرەکانی مەرگی لە چەشنی "سەڵەواتی" و لە هەلومەرجی بڕینی ئینتەرنێتدا دەردەکرێن و خاوەنی هیچ جۆرە ڕەوایەتییەکی یاسایی و قەزایی نین، بەڵکوو ئەمانە حوکمی سیاسین

قووڵبوونەوە و پەرەسەندنی قەیرانەکان و ململانێ ناوخۆییەکان، بەتایبەتی قەیرانی ئابووری، بێکاری، گرانی، هەڵاوسان، دابەزینی بەهای ڕیاڵ و کەمبوونەوەی توانای کڕینی کرێکاران و توێژە هەژار و چەوساوەکانی کۆمەڵگە، لەپاڵ ئاسۆی تاریک

و لێڵی شەڕی ئەمریکا و ئیسرائیل، نیگەرانییەکانی ڕێبەران و ناوەندی بڕیاردانی فەرماندەکانی سوپای پاسدارانی لە سەرهەڵدانی تەقینەوەیەکی گەورەی کۆمەڵایەتی دوو هێندە کردووە. هەر بۆیە لە هەندێک حاڵەتدا تەنانەت ئەو زیندانییانەشی کە لە ڕەوتی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینادا دەستبەسەر کرابوون و سزای زیندانیان بەسەردا سەپابوو، سەرلەنوێ لە دادگای بەناو "شۆڕش"دا دادگایی کراون و حوکمی سێدارەیان بەسەردا سەپێنراوە

بێگومان دیاردەیەکی لەم چەشنە کە نیشانی دەدات سزاکانی




دادگا فەرمایشییەکانی ڕژیم نەک حوکمی قەزایی و یاسایی، بەڵکوو حوکمی سیاسین، شتێکی تازە نییە. لەسێدارەدانی هەزاران زیندانی نەیاری حکوومەتی ئیسلامی لە ساڵانی ٦٠ و ٦٧ی هەتاوی (دەیەی هەشتاکانی زایینی) کە ماوەی سزاکانیان لە زیندان تێدەپەڕاند، هەنگاوێکی سیاسی و ئامرازێک بوو بۆ دروستکردنی کەشی ترس و تۆقاندن لە کۆمەڵگەدا بە مەبەستی هێشتنەوەی ڕژیمی ئیسلامی.

ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی ڕۆژی پێنجشەممە ٧ی جۆزەردان ڕایگەیاند کە "لە کاتی هێرشی ئەمریکا و ئیسرائیل بۆ سەر ئێران لە نۆی ڕەشەمەوە، حکوومەتی ئێران زیاتر لە شەش هەزار کەسی لە خۆپیشاندەران، ڕۆژنامەنووسان، پارێزەران، چالاکانی مافی مرۆڤ، نەیارانی سیاسی و ئەندامانی کەمینە نەتەوەیی و ئایینییەکان دەستبەسەر کردووە و گەورە بەرپرسانی قەزایی، فەرمانی بەدواداچوون و دادگاییکردنی خێرای دەستبەسەرکراوانیان دەرکردووە، بەتایبەتی لەو دۆسییانەی کە تۆمەتەکانیان تا ئاستی سزای سێدارەن". ئەم ڕێکخراوە هۆشداری داوە کە "لانیکەم ٧٨ خۆپیشاندەر، زیندانی سیاسی و ئەو کەسانەی کە بە پەیوەندی ڕاستەقینە یان بانگەشەبۆکراو لەگەڵ گرووپە ئۆپۆزیسیۆنەکان تۆمەتبار کراون، حوکمی سێدارەیان بەسەردا سەپاوە و مەترسی جددی جێبەجێکردنی سزاکەیان لەسەرە". ڕێکخراوەکە جەختی لەوە کردووەتەوە کە دووبارەبوونەوەی تۆمەتەکانی وەک سیخوڕی، هاوکاریکردنی دوژمن، بەشداریکردن لە ناڕەزایەتییەکان و ئەندامبوون لە گرووپە نەیارەکان لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە بۆ سەرجەم زیندانییانی سیاسی، دەریدەخات کە ئەم حوکمانەی سێدارە، پێش ئەوەی نیشانەی جێبەجێکردنی دادپەروەری بن، ئامرازێکن بۆ سەرکوتکردنی ناڕەزایەتییەکان و دروستکردنی ترس و تۆقاندن لە کۆمەڵگەدا

سەرەڕای ئەمانەش، سێدارە وەک "کوشتنی بەئەنقەستی حکوومەتی" و وەک تاوان و سەرکوتی ڕێکخراو، لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا بۆ حکوومەتی کۆماری ئیسلامی، جگە لە پەرەپێدان و بەرهەمهێنانەوەی توندوتیژی و ڕقوکینە و بێزاری، هیچ دەستکەوتێکی دیکەی نەبووە؛ هاوکات شایەدی گەشە و بەرفراوانبوونی بازنەی ناڕەزایەتییەکانی کرێکاران و جەماوەری خەڵکی هەژار و چەوساوەش بووە. ویستی ئازادی زیندانییانی سیاسی و هەڵوەشاندنەوەی سزای سێدارە، یان دروشمی "نا بۆ سێدارە"، تەنیا کاتێک ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ناچار بە پاشەکشە دەکات کە هاوشێوەی بزووتنەوەی "نا بۆ حیجابی زۆرەملێ"، ببێتە داخوازی و دروشمێکی گشتگیر و بەردەوامی سەرتاسەری لەنێو سەرجەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا. تەنیا لەو کاتەدا دەسەڵاتدارانی ڕژیمی ئیسلامی ناتوانن بە پاساوی گرێدراویی تۆمەتباران بە دوژمنی دەرەکی و سیخوڕی و هەڕەشەی ئەمنی و بیانووەکانی دیکەوە، پەلاماری گیانی مرۆڤەکان بدەن؛ تەنیا لەم کاتەدا تێدەگەن کە کردەوەی قێزەونی سێدارە و زەوتکردنی مافی ژیان لە مرۆڤەکان، باجی زۆر قورسی بۆیان بەدواوە دەبێت. کەواتە لە وەها هەلومەرجێکدا، سەرەڕای بوونی کەشی ئەمنی و سەرکوت، یەکێک لە ئەولەوییەتەکانی چالاکانی چەپ و سۆسیالیست لەنێو بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەدا، و هەروەها ئەرکی ئەخلاقی و مرۆیی سەرجەم مرۆڤە ئازادیخواز و یەکسانیخوازەکان لە ناوخۆ و دەرەوەی ئێران، بریتییە لە تەبلیغ و ترویجی شێلگیرانەی دژایەتیکردنی سێدارە، و وەڕێخستن و بەشداری چالاکانە لە کەمپەینەکانی "نا بۆ سێدارە"دا. لە وەها دۆخێکدا، خەبات دژی لەسێدارەدانی زیندانییان دەبێتە بزووتنەوەیەکی بەهێز بۆ ڕاگرتنی شەپۆلی بێسنووری سێدارەکان و پاشەکشەپێکردن بە حکوومەتی ئیسلامی، و دەبێتە هەنگاوێکی دیکە بەرەو ڕووخاندنی ئەم ڕژیمە

❋❋❋

## بۆ یادی ٥٩ لاوی گیانبەختکردووی شاری مەهاباد
## لاپەڕەیەکی دیکە لە کارنامەی پڕ لە تاوانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی

دوازدەی مانگی جۆزەردان چل و سێهەمین ساڵڕۆژی ئێعدامی جەنایەتکارانەی ٥٩ کەس لە تێکۆشەران و تازەلاوانی شاری "مەهاباد"ە. ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی، واتە ٤٣ ساڵ لەمەوبەر، ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ ترساندنی خەڵکی کوردستان و تۆڵەسەندنەوە لە خەڵکی مەهاباد، ٥٩ کەس لە تازەلاوان و لاوانی ئەمشارەی بەکۆمەڵ ئێعدام کرد. زۆربەی ئێعدامکراوان پێشتر لە مانگەکانی خاکەلێوە و گوڵاندا بەڕێکەوت لەسەر شەقامەکانی شار ڕفێندرابوون و بە بارمتە گیرابوون. ژمارەیەکیان تازەلاوانی کەمتر لە ١٨ ساڵ بوون و چەند کەسێکیشیان لە دەبیرستانەکانی مەهاباد دەیانخوێند

ڕۆژی ١٢ی مانگی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٢، خەڵکی مهاباد بەرەوڕووی ڕاگەیاندراوێک لە لایەن فەرمانداری بوونەوە کە لە ئاستی شاردا بڵاو کرابۆوە. لەم ڕاگەیاندراوەدا ناوی ٥٩ کەس لە ئێعدام کراوەکانی تێدا هاتبوو. " حەمید ڕەزا جەلایی پوور"، فەرمانداری جەنایەتکاری ئەوکاتی مهاباد دەستووری بڵاو کردنەوەی ئەم ڕاگەیاندنەی لە ئاستی شاردا دابوو

ڕۆژی یەکی مانگی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٢ "محەممەد برووجێردی" فەرماندەی باڵا و بیرمەندی سپای پاسداران لە بەرەی شەڕ لەگەڵ پێشمەرگە لەگەڵ پێنج کەسی تر لە فەرماندە بەکرێگیراوەکانی سپا لە سێ ڕێیانی مەهاباد – نەغەدە، بەهۆی ڕۆیشتنە سەر مین، ئۆتۆمبێلەکەیان تەقیەوە و کوژران. کوژرانی برووجێردی بۆ ڕژیم یەکجار گرینگ بوو. برووجێردی لەگەڵ موحسین ڕەزایی، بەرپرسی پاراستنی خومەینی بوو لە کاتی گەڕانەوەی بۆ ئێران لە ڕێکەوتی ١٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٧. ئەو فەرماندەی سەرەکی عەمەلیاتی سپا لە ڕۆژئاوای ئێران بوو و گشت عەمەلیاتەکانی سپای هیدایەت دەکرد. کوژرانی ناوبراو کاردانەوەی توندی هەموو کاربەدەستانی ڕژیمی لێکەوتەوە. هاشمی ڕەفسەنجانی کە ساڵی ٩٥ی هەتاوی لە کاتی مەلەکردن لە حەوزی مەجمەعی تەشخیسی مەسلەحەتی نیزامدا تووشی وەستانی دڵ بوو و لە گۆڕەپانی سیاسەت چووە دەرێ، وە میرحسێن مووسەوی کە دەمێکە جلی سەوزی ڕیفۆرمخوازیی کردووەتە بەر و ئێستا لە لەناو ماڵدا زیندانی کراوە، ئەوکات بە توندی هێرشیان کردە سەر گرووپە سیاسییەکانی کوردستان. ئەوان هۆشداریان بە حیزبە سیاسییەکانی کوردستان دا و داوایان کرد کە لەدژی ئەوان پێداگری زیاتر بکرێت. "مۆحسێن ڕەفیق دووست" وەزیری سپای پاسدارانیش باسی لە تۆڵەسەندنەوە دەکرد. ڕژیم کە لە بەرەکانی نەبەرد لەگەڵ پێشمەرگە گورزی گرانی بەرکەوتبوو و وەک ماری بریندار لەخۆی دەهاڵا، بڕیاریدا کە بە ڕشتنی خوێنی لاوان و تازە لاوانێک کە بەبێ هیچ بەڵگەیەک ڕفاندبوونی و زیندانیی کردبوون، تۆڵە لە خەڵکی کوردستان بە تایبەتی لە خەڵکی خۆڕاگری مهاباد بکاتەوە

"حەمید ڕەزا جەلایی پوور" فەرمانداری مەهاباد، "محەممەد ئیبراهیم سەنجەقی"، فەرماندەی قەرارگای حەمزە، "ناتق نووری"، وەزیری ناوخۆ، "حسێن شێخ عەتار" ئۆستانداری ئەوکاتی ئازەربایجانی غەربی و لە تۆمەتبارانی قەتڵی شاپوور بەختیار، "غولامرەزا حەسەنی" ئیمام جومعەی شارستانی ورمێ، بەڕێوەبەر و بڕیاردەری کوشتاری قاڕنێ و قەڵاتان، "سەید حسێن مووسەوی تەبریزی" دادستانی گشتی، "سەیاد شیرازی" فەرماندەی هێزی زەمینیی ئەرتەش لە زومرەی ئەو کەسانە بوون کە ناویان لە لیستی بەڕێوەبەرانی ڕاستەوخۆی ئەم جەنایەتەدا هاتووە

ئەم ٥٩ کەسە دەستبەسەرکراوە، ڕوانەی شاری تەورێز کران و لە دادگایەکی چەند دەقیقەییدا، بە بێ ئەوەیکە هیچ تۆمەتێك دژبە هیچ کامیان بسەلمێندرێ، بە ئێعدام مەحکووم کران و بە جوخەکانی مەرگ سپێردران. بنەماڵەی ئەم قوربانییانە هەرگیز لە شوێنی ناشتنی ئازیزانیان ئاگادار نەکرانەوە

بەڵام ئەم کردەوە تاوانکارییەی ڕژیمی ئیسلامیش نەبووە هۆی سستبوونی ئیرادەی خەڵکی شاری قارەمانی مەهاباد و ئەم شارە هەروا وەک یەکێک لە قەڵا پتەوەکانی خەبات بۆ ڕووخاندنی حکوومەتی ئیسلامی سەرمایەداران، درێژەی بە ڕۆڵگێڕانی خۆی دا. لە گەلاوێژی ساڵی ١٣٨٤دا، کاتێک بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی "شوانە سەید قادری"یان دەستگیر کرد و پاش ئەشکەنجەدانێکی دڕندانە کوشتیان، خەڵکی مەهاباد نەک هەر چاوترسێن نەبوون، بەڵکوو بۆ چەندین ڕۆژی یەک لەدوای یەک بە ڕێپێوانی سەر شەقامەکان و گوتنەوەی دروشم دژی سەرانی تاوانکاری ڕژیمی ئیسلامی، تووڕەیی و نارەزایەتی خۆیان بەرامبەر بەو تاوانە دەربڕی. لە سەرەتای بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژیناشدا، لاوانی سووری مەهاباد ئەم شارەیان کردە یەکێک لە سەنگەرە پڕجۆشەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕژیمی جەهل و سەرمایە. لەم ڕۆژەدا، سڵاو دەنێرین بۆ گیانبەختکردووانی ئەم ڕووداوە، یادیان هەرمان و بیرەوەریی ئەو ئازیزانە بەرز ڕادەگرین و ستایشی بەرخۆدان، خۆڕاگری و دانبەخۆداگرتنی بنەماڵە سەربەرزەکانیان دەکەین

**ناوی گیانبەختکردووان بریتین لە:**

غولام ڕەزا بارزی، حەسەن جهانیان، عەلی بانەیی، محەممەد عەلیاڵی، محەممەد ئەمین سەفا، هومایون نیلوفەر، مەحموود ڕیازی، محەممەد حسێنی، عەباس حسێن پوور، کازم خاتونی، عەلی مەزنە، عەبدوڵڵا تەجەریان، ڕەحمان ڕەحیمی، عەلی گەڵپەرست، مستەفا عیسمەتی، خالق بارزانی، یوسف ئەیازی، کەماڵ چاوشی، حەسەن ڕەحمانییان، خالد سەفایی، خالد ڕەحیم ئازەر، سەید ئیبراهیم ئەحمەدی، محەممەد مەسعودی، محەممەد ئەبوبەکری، وەفا ئەلیاسی، مەنسور جەناح، مەحەممەد ئەمین ئەحمەدی، محەممەد سەلیمی، فەرەیدون شەنگە، عەلی بازیان، خدر ڕەنگین، ئەبوبەکر شوکری، ماشەڵڵا نادری، هەژار کەریمی، کەمال کەریمی، کەریم ڕەحیمییان، یوسف حەبیب پەنا، محەممەد فاروق بازیار، ئیبراهیم ئەمینی،ساڵح مام ئیبراهیمی، شوکری نادری، مستەفا فەقری، عەلی غەوارە، عەلی سەلاحی، مەلا حەسەن لاجوەردی، سلێمان حەسەن زادە، یوسف حەسەن زادە، کەریم کاوە، سەید مەحموود سەید مەحموودی، حامد مەحموود کەندی، حسێن کەلهوڕی، عەباس یوسفی، سیامەک سەقزی، عەلی ئابادە، کامران زاهیر حجازی، ساڵح فەرهودی، مەقسود مەحموودی، ئەحمەد کەڕوبی، ڕەحمان خزر پوور

**بەرز و بەڕێز بێت یادی ٥٩ لاوی گیانبەختکردووی شاری مەهاباد**

❊❊❊

# داهاتە نەوتییەکان لە خزمەت دەزگای سەرکوتدا

لە هەلومەرجێکدا کە دەسەڵات باس لە «شەڕی ئابووری» دەکات، داتا و ئامارەکانی پەیوەست بە بودجە و بژێویی ژیان، وێنەیەکی تەواو جیاواز لە پێشینە و ئەولەوییەتە ڕاستەقینەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەخەنە ڕوو. ئەگەر دۆخی هەنووکەیی وەک شەڕێکی ئابووری فۆرمولە بکرێت، پرسیارە بنەڕەتییەکە ئەوەیە کە بۆچی سەرچاوە سەرەکییەکانی وڵات، لەبری بەهێزکردنی بەرهەمهێنان و بەرهەمهێنانەوەی کۆمەڵایەتی، تەرخان دەکرێن بۆ پەرەپێدانی توانا سەربازی و ئەمنییەکان؟ ئەم پرسە، ڕەنگدانەوەی ئاراستەی چینایەتیی کۆماری ئیسلامی و لۆژیکی ناوەکیی ئەم ڕێژیمەیە لە قەیرانبەڕێوەبردندا. بەپێی پڕۆژەیاسای بودجەی ساڵی ١٤٠٤، ڕۆژانە نزیکەی ٤٢٠ هەزار بەرمیل لە کۆی ١.٧٥ ملیۆن بەرمیل نەوتی هەناردەکراو، واتە نزیکەی ٢٤ لەسەدی کۆی گشتی هەناردە، بۆ هێزە چەکدارەکان تەرخان کراوە. بەهای ئەم پشکە بە نزیکەی ١١ ملیار یۆرۆ مەزەندە دەکرێت. بەڵام ئەو بودجەیەی کە بۆ ساڵی ١٤٠٥ بە هێزە سەربازی، ئەمنی و ئیتلاعاتییەکان دراوە، زۆر لەم ژمارەیە زیاترە. ئەم بەرزبوونەوە بەرچاوە، لە پاڵ گەشەی بەرچاوی بودجەی هەندێک دامەزراوەی دیکەی ئیتلاعاتیدا، نیشاندەری جێگۆڕکێیەکی ڕوونە لە ئەولەوییەتەکانی دابەشکردنی سەرچاوەکاندا. ئەم تەرخانکردنی بودجەیە، دەربڕی بەهێزکردنی توانایە سەربازییەکانی دەسەڵاتە لە ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانە ناوخۆیی و دەرەکییەکاندا

لە دیوەکەی دیکەی ئەم بودجە دارشتنەوە، بارودۆخی بژێوی زۆرینەی خەڵکی ئێران جێگەی گرتووە. بە دانپێدانانی هەندێک لە کاربەدەستانی ڕێژیمی ئیسلامی، بەشێکی گەورە لە دانیشتووانی وڵات بۆ دابینکردنی کەمترین پێداویستییە خۆراکییەکان، پشتیان بە جۆرەها هاوکاری کاڵایی و یارانە بەستووە. هاوکات، هێڵی هەژاری لە گەورەشارەکانی وەک تاران، گەیشتووەتە ئاستێک کە زۆر لە سەرووی داهاتی ئاسایی بنەماڵە کرێکارییەکانەوەیە. ئەم پێوەرانە، نیشاندەری لەناوچوونی توانای بەرهەمهێنانەوەی هێزی کارن لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا. ئەوەی تێبینی دەکرێت، جۆرێکە لە دابەشکردنەوەی سەرچاوەکانی سامانی کۆمەڵگە لە قازانجی پاراستن و جێگیرکردنی سیستەمی سیاسی دەسەڵاتدار. نەزمێک کە تێیدا بەرژەوەندییەکانی چینی دەسەڵاتدار و مانەوەی دەسەڵاتی سیاسی ئەم چینە، بەسەر بەرهەمهێنانەوەی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتیدا زاڵە و ئەولەوییەتی هەیە. لەم چوارچێوەیەدا، چەمکی «شەڕی ئابووری» کارکردێکی ئایدۆلۆژیک لەخۆ دەگرێت. لە کاتێکدا کە ڕووبەڕووبوونەوەی عەقڵانی لەگەڵ قەیرانی ئابووری، پێویستی بە بەهێزکردنی بەرهەمهێنان، سەرمایەگوزاری لە ژێرخانەکان و کەمکردنەوەی نایەکسانییە، بەڵام لە کردەوەدا شایەدی جۆرێک لە میلیتاریزەکردن و ئەمنیکردنی بەڕێوەبردنی قەیرانین. هەر لەم چوارچێوەیەشدا، زیادکردنی کەمترین حەقدەست لە ئاستێکدا کە زۆر نزمترە لە ڕێژەی هەڵاوسانی ڕاستەقینە، لەگەڵ هەڵکشانی تێچووەکانی ژیان، دەبێتە هۆی دارمانی توانای کڕین و قووڵبوونەوەی گوشارەکان بۆ سەر هێزی کار

بۆ تێگەیشتن لە قووڵایی ئەم ڕەوتە، چەمکی «بەرهەمهێنانەوەی کۆمەڵایەتی» گرنگییەکی بنەڕەتی هەیە. هەر سیستەمێکی ئابووری بۆ مانەوەی خۆی، پێویستی بە بەرهەمهێنانەوە و نوێکردنەوەی تواناکانی هێزی کار هەیە؛ واتە دابینکردنی کەمترین ئاستی هەلومەرجی ژیان، خۆراک، نیشتەجێبوون، تەندروستی و پەروەردە. کاتێک بەشێکی گەورە لە دانیشتووان بۆ دابینکردنی سەرەتاییترین پێداویستییەکانی بژێویی ژیان دەکەونە ژێر باری پاشکۆیەتی هاوکارییەکانی دەوڵەت، ئەمە نیشانەیە بۆ تێکچوون و دروستبوونی کەلێن لە میکانیزمە ئاساییەکانی بەرهەمهێنانەوەی کۆمەڵایەتیدا. لە وەها دۆخێکدا، هاوکارییە لانیکەمییەکانی حکومەت، وەک بەڕێوەبردنێکی لانیکەمی قەیرانە کۆمەڵایەتییەکان کار دەکەن. لە هەلومەرجێکی لەم چەشنەدا، ئەولەوییەتی سەرەکیی دەوڵەت تەرخانکردنی بودجەی زەبەلاحە بۆ ئۆرگانە سەربازی و دامەزراوە ئەمنییەکان بە مەبەستی بەڕێوەبردن و کۆنترۆڵکردنی سیاسی، و بە یەک وشە، بۆ بەهێزکردنی ماشێنی سەرکوت بە مەبەستی ڕووبەڕووبوونەوەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و نارەزایەتییە جەماوەرییەکان

پاشکۆیەتی پێکهاتەیی بۆ داهاتە نەوتییەکان، لەپاڵ تۆڕە بەربڵاوەکانی دابەشکردنی ڕانت و گەندەڵی دامەزراوەیی، بووەتە هۆی ئەوەی بەشێکی گرنگ لە سەرچاوەکانی سامانی کۆمەڵگە لەبری بەرهەمهێنان، لە سووڕە نابەرهەمهێنەرەکاندا بخولێتەوە. لە وەها پێکهاتەیەکدا، تەنانەت بەرزبوونەوەی داهاتە دراوییەکانیش نابێتە هۆی کرانەوە و باشتربوونی ژیانی خەڵک. لە دۆخێکی واشدا، پەرەسەندنی نایەکسانی و گوشاری بژێوی، کەلێنی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگەی قووڵتر کردووەتەوە و قەیرانی ڕەوایی حکومەتی ئیسلامی چڕتر کردووەتەوە. کەواتە گەشەی بودجە سەربازییەکان نەک تەنها بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشە دەرەکییەکان، بەڵکوو دەبێت وەک وەڵامێک بە نارەزایەتییە کۆمەڵایەتییەکانیش لێک بدرێتەوە. پارادۆکسە سەرەکییەکە لەوەدایە کە سیاسەتی فەرمی باس لە «خۆڕاگری ئابووری» دەکات، لە کاتێکدا خودی ئەم سیاسەتانە دەبنە هۆی لاوازکردنی بنەماکانی خۆڕاگری و مانەوە

کۆمەڵگەیەک کە بەشی زۆری دانیشتووەکانی گیرۆدەی دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانن، توانایەکی سنوورداری بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانە پێکهاتەییەکان هەیە. دەربازبوون لەم دۆخە تەنها لە ڕێگەی ڕیفۆرم و چاکسازییەوە مومکین نییە. تا ئەو کاتەی هاوسەنگی هێز لە قازانجی چین و باندە مافیاییەکانی دەسەڵاتداردا بێت، تەرخانکردنی سەرچاوەکانیش هەر ڕەنگدانەوەی ئەم هاوسەنگییە دەبێت. ئەوەی ئەمڕۆ لە ئێراندا دەگوزەرێت، زیاتر لەوەی «شەڕێکی ئابووری» بە مانا باوەکەی بێت، فۆرمێکە لە ململانێ و دژایەتی پێکهاتەیی لە ناوەوەی کۆمەڵگەدا؛ دژایەتییەک کە تێیدا تێچووە قورسەکانی قەیران دەکەوێتە سەر شانی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش، لە کاتێکدا کە بودجەی زەبەلاح و خەیاڵی بۆ میکانیزمەکانی دەسەڵات و ئەمنییەت تەرخان دەکرێت. ئەمە لە کاتێکدایە کە مەسەلەی سەرەکی، بەهێزکردنی تواناکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و دەستڕاگەیشتنی بەردەوامە بە کار، نان، نیشتەجێبوون، پەروەردە و بارهێنان، لەگەڵ دەرمان و تەندروستی بێبەرامبەر. هەر سیاسەتێک کە ئەم ئەولەوییەتانە پەراوێز بخات، تەنانەت ئەگەر لە زمانی فەرمیشدا بە چەمکگەلێکی وەک ئاسایش یان خۆڕاگری لە بەرامبەر دوژمنی دەرەکیدا پاساوی بۆ بهێندرێتەوە، لە کردەوەدا دەبێتە هۆی پاراستنی هەژموونی چینی دەسەڵاتدار، تاڵانکاری زیاتری دارودەستەی حکومەت، و پاڵنانی هەرچی زیاتری بنەماڵە کرێکارییەکان و زۆرینەی خەڵکی ئێران بەرەو ژیانکردن لە ژێر هێڵی هەژاریدا

❊❊❊

# مەبەست لە ڕێکخراوی سەربەخۆی کرێکاری چییە؟

**مەبەست لە ڕێکخراوی سەربەخۆی کرێکاری چییە؟ ئایا لە وڵاتێک کە هەموو شتێک ڕەنگ و بۆی سیاسی هەیە، ڕێکخراوی کرێکاری دەتوانێ سەربەخۆ لە سیاسەت و ئەحزابی سیاسی بێت؟**

بۆ وڵام بەم پرسیارە پێویستە بڵێین کە مەبەستمان لە ڕێکخراوی سەربەخۆی کرێکاری، ڕێکخراوی کرێکاری سەربەخۆ لە دەوڵەتە. ئێمە لەسەر سەربەخۆیی ڕێکخراوی کرێکاری لە دەوڵەت تەئکید دەکەین. ڕێکخراوی کرێکاری سەربەخۆ لە دەوڵەت بەو مانایەیە کە دەوڵەت و خاوەنکار نابێ لە هیچ قۆناغێک لە پرۆسەی پێکهاتنی ڕێکخراوی کرێکاریدا دەخاڵەت بکەن. دەوڵەت نابێ هیچ جۆرە دەخاڵەتێکی لە دیاریکردنی جۆری ڕێکخراوێک کە کرێکاران پێکی دێنن هەبێت. دەوڵەت نابێ لە جۆری پێکهاتەی ڕێکخراوی کرێکاریدا دەخاڵەت بکات. ئەوەیکە کرێکاران شۆرا پێک دێنن یان سەندیکای کرێکاری یان هەر شێوازێکی دیکە، ئەوە ئەمری خودی کرێکارانە. پێکهێنانی ڕێکخراوی کرێکاری نابێ بە ئیجازەی دەوڵەت یان ئۆرگانێکی وەک وەزارەتی کار یان خانەی کاریگەر و ناوەندەکانی ترەوە سنووردار کرابێتەوە. لە یاسای کار و باقی یاساکانی وڵاتدا پێویستە ئازادی و مافی پێکهێنان و بەرپاکردنی ڕێکخراوی کرێکاری بە بێ کەموکوڕی بە ڕەسمی بناسرێت و کرێکاران ئازاد و موختار بن کە ڕێکخراوی دڵخوازی خۆیان لە هەر پرۆسەیەکدا و بە هەر شێوەیەک کە خۆیان پێیان گونجاوە پێک بێنن. لە یاسای کاری دڵخوازی کرێکاراندا پێویستە ڕاشکاوانە باسی ئەوە بکرێت کە کرێکاران لە پێکهێنانی هەموو جۆرە ڕێکخراوەیەک لەوانە ڕێکخراو بۆ خەباتی ئابووری، سیاسی و یان کلتووری ئازادن. هەموو جۆرە ڕێکخراوێکی کرێکاری لە ئاستی کارگە، کارخانە و ناوچە و شار و یان پێکهێنانی ڕێکخراوی سەرانسەری ئازادە. دەوڵەت ئەرکی سەرشانیەتی و پێویستە هەموو ڕێکخراوەکان و نوێنەرانی هەڵبژێردراوی کرێکاران بەڕەسمی بناسێت. پێویستە دەخاڵەتی ڕاستەوخۆی ڕێکخراوە کرێکارییەکان لە هەموو کاروباری پێوەندیدار بە کار و ناکۆکیی کرێکار و خاوەنکار بەڕەسمی بناسێت. نە دەوڵەت و نە هیچ کەسێک مافی ئەوەی نییە هێرش بکاتە سەر ئەم ڕێکخراوانە. ئەگەر لە یاسای کار یان باقی یاساکانی وڵات خەزمەتگوزارییەک بۆ ڕێکخراوە کرێکارییەکان لەبەرچاو گیرابێت، تەنها تۆمار کردنی ناوی ئەم ڕێکخراوانە دەبێ کافی بێت بۆ ئەوەی بتوانن لەم خزمەتگوزارییە بەهرەمەند بن. لە ئیختیار دانانی ئەم خزمەتگوزارییانە نابێ بە قەبووڵ کردنی هیچ شەرت و مەرجێک لەلایەن ئەم ڕێکخراوە کرێکارییانەوە سنووردار کرابێتەوە. کەوابوو نابێ هیچ یاسایەک بوونی هەبێ سەبارەت بەوەیکە ڕێکخراوە کرێکارییەکان دەبێ چ تایبەتمەندییەکیان هەبێت تا لە لایەن دەوڵەتەوە بەڕەسمی بناسرێن. بەم تەوزیحاتەوە کە درا ئاشکرایە کە مەبەست لە ڕێکخراوی سەربەخۆ، ڕێکخراوی کرێکاریی سەربەخۆ لە دەوڵەتە. لە بزووتنەوەی کرێکاری ئێراندا بەهۆکاری جۆراوجۆر خەبات بۆ مافی پێکهێنانی ڕێکخراوی کرێکاری سەربەخۆ لە دەوڵەت گرینگیەکی تایبەتی هەیە و بووەتە یەکێک لە خواستە .سەرەکییەکانی کرێکاران

دوای ئەم ڕوونکردنەوەیە دەگەینە بەشی دووەمی پرسیارەکە: ئایا ڕێکخراوی کرێکاری دەتوانێ سەربەخۆ بێ لە سیاسەت و حیزبە سیاسییەکان؟

ئێمە هەرکات باس لە ڕێکخراوی سەربەخۆی کرێکاری دەکەین، لەسەر سەربەخۆبوون لە دەوڵەت تەئکید دەکەین. ئامانجی ئێمە لە تەئکید لەسەر سەربەخۆبوونی ڕێکخراوی کرێکاری لە دەوڵەت بەم دەلیلەیە کە لە ڕوانگەی ئێمەوە حوکم و فەرمانی سەربەخۆبوونی ڕێکخراوی کرێکاری لە سیاسەت و حیزبە سیاسییەکان دروست نییە. هەڵبەت ڕێکخراوی کرێکاری دەتوانێ و دەبێ لە بواری یاسایی و ڕێکخراوەیی و لە بواری ماڵییەوە سەربەخۆ لە حیزبە سیاسییەکان بێت بەڵام ئەوە بە مانای سەربەخۆبوون لە سیاسەتی حیزبەکان بەگشتی و سیاسەتی حیزبێکی دیاریکراو بەتایبەتی نییە. ڕێکخراوێکی کرێکاری لە هەمان حاڵدا دەتوانێ لە بواری یاسایی و ڕێکخراوەییەوە سەربەخۆ بێت بەڵام لە بواری سیاسییەوە لەژێر کاریگەری و نفووزی سیاسەت و بۆچوونی حیزبێکی دیاریکراودا بێت. لێرەدا ئەم هەڵوێستە زیاتر ڕوون دەکەینەوە. هەروەک چۆن هیچ کەس دژی دەخاڵەتی تاکەکانی کۆمەڵگا، بە هەر پێگەی کۆمەڵایەتی و پۆست و مەنزەلەتێکەوە، لە سیاسەتدا نییە، بەڕواڵەت هەرکەسیش دەخاڵەتی تاکەکەسی کرێکاران لە سیاسەتدا بەڕەسمی دەناسێت. هەروەک نوێنەرێکی مەجلیس، کارمەندێکی وەزارەتخانە، مامۆستایەکی زانکۆ، سەرمایەدار و خاوەن کارخانەیەک دەتوانێ سیاسەت بکات و ببێتە ئەندامی حیزبێکی سیاسیی دیاریکراو، کرێکاریش دەتوانێ بیر لە سیاسەت بکاتەوە، سیاسەت بکات و ببێتە ئەندامی حیزبێکی سیاسی و .بکەوێتە سەرووی حیزبێکی دیاریکراوەوە

هەروەک چۆن سەرمایەداران دەتوانن بەشێوەی ڕێکخراو لە سیاسەتدا دەخاڵەت بکەن، لە دنیای واقعیدا ناکرێ بەربە دەخاڵەتی ڕێکخراوی کرێکاران لە سیاسەتدا بگیرێت، ناکرێ لە دەخاڵەتی ڕێکخراوە کرێکارییەکان لە کاروباری سیاسی ڕێگری بکرێت. خەباتی چینایەتی خەباتێکی ڕێکخراوە و بەشێوەی ڕێکخراو بەڕێوەدەچێت. ئەگەر چاو لێبکەین دەبینین کە لە دنیای واقعیدا سەرمایەداران چ لە ئاستی مەحەلی و میللی، چ لەئاستی ناوچەیی و جیهانی دا، لە ناوەندە جۆراوجۆرەکاندا خۆیان ڕێکخستووە. ئەوان خۆیان لە دەوڵەت، لە مەجلیس و پەرلەمان، لە ئەرتەش و پۆلیس و زیندانەکان، یەکیەتیی خاوەنکاران، لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە ناتۆ و لە ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی و لە هەزار و یەک ڕێکخراو و ناوەندی دیکەدا ڕێکخستووە کە هەر کامیان بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە سیاسەتدا دەخیلن و پێکەوە سیاسەت و فەرهەنگی زاڵی جیهان پێک دێنن. بێگومان لەو نێوەدا ناکرێ دەخاڵەتی ڕێکخراوی چینی کرێکار و ڕێکخراوە .کرێکارییەکان لە سیاسەتدا مەنع بکرێت

کەوابوو هەروەک کرێکاران بەشێوەی تاکەکەسی لە سیاسەتدا دەخاڵەت دەکەن و دەتوانن ببنە ئەندامی حیزبێکی سیاسیی دیاریکراو، ڕێکخراوی کرێکاریش دەتوانێ لە سیاسەتدا دەخاڵەت بکات، لە سیاسەتەکانی حیزبێکی دیاریکراو پشتیوانی بکات و لەژێر کاریگەریی و نفووزی سیاسی و مەعنەوی حیزبێکی سیاسیی دیاریکراودا بێت. ڕێکخراوێکی کرێکاری بە هەر ڕادەیەک لەگەڵ حیزبێکی سیاسی پەیوەندییەکی نزیکی هەبێت بەڵام لە بواری ڕێکخراوەیی و یاساییەوە دەتوانێ سەربەخۆیی خۆی لە حیزبەکان بپارێزێت. واتە سووخت و سازی ڕێکخراوەیی و تەشکیلاتییەکەی بەپێی ئەساسنامە و پێورە تەشکیلاتییەکانی هەمان ڕێکخراوی کرێکاری ئەنجام دەدرێت. بڕیاردان و دابەشکردنی بەرپرسایەتییەکان لەڕێگەی مێکانیسمە پێناسەکراوەکانی خودی ئەم ڕێکخراوەوە بەڕێوەدەچێت. کاریگەری سیاسی ئەحزاب لەسەر بڕیارەکانی ڕێکخراوێکی کرێکاری لە ڕێگەی میکانیزمە سیاسییەکانەوە ئەنجام دەدرێت. ئەگەر حیزبێک بیهەوێت ڕێکخراوێکی کرێکاری بڕیارێکی دیاریکراو بدات، ئەوە تەنیا بە ڕازیکردنی ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە کرێکارییە دەکرێت کە ڕەنگە هەندێکیان ئەندامی هەمان حیزب بن. ئەوەیکە ڕێکخراوێکی کرێکاری لە کام حیزب نزیکە و چ جۆرە پەیوەندییەک لەگەڵ یەک یان چەند حیزب پێک دێنێنت بابەتێکی تەواوەن سیاسییە و پەیوەندی بە خودی ئەم ڕێکخراوە کرێکارییەوە هەیە و خودی ئەندامانی ڕێکخراوە کرێکارییەکە دیاریی دەکەن. هەڵسووڕاوانی ڕێکخراوێکی کرێکاری ئەگەر سەربە حیزبێکی سیاسیی دیاریکراویش بن، پێویستە لە ناو ڕێکخراوە کرێکارییەکەدا، .پێوەرە پێناسەکراوەکانی هەمان ڕێکخراو پەیڕەو بکەن

لە مێژووی ئێراندا ئەوە دەوڵەتە سەرمایەداری و کۆنەپەرستەکان بوون کە لەسەر سەربەخۆیی ڕێکخراوە کرێکارییەکان لە ئەحزابی سیاسی پێداگرییان کردووە. لە سەردەمی دیکتاتۆری سەڵتەنەتی پەهلەویدا، دەسەڵاتداران بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ یەکیەتییە کرێکارییەکان کە بە ڕێبەری حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و دواتر لەلایەن حیزبی توودەوە پێکهاتبوون، مەسەلەی "ڕێکخراوی سەربەخۆی کرێکاری"یان لەناو بزووتنەوەی کرێکاریدا هێنایە گۆڕ و لەژێرناوی وابەستە بوون بە ئەحزابی چەپ هێرشیان کردە سەر ڕێکخراوە کرێکارییەکانی ئەو سەردەم. دژەشۆڕشی ئیسلامیش لەگەڵ داگیرکردنی دەسەڵات، شۆرا کرێکارییە سەربەخۆکانی لەناوبرد و هەوڵی دا تۆڕی سیاسی ئیدئۆلۆژیک و سیخۆڕی خۆی وەک شۆرای ئیسلامی، ئەنجومی ئیسلامی و هیتر لەژێرناوی ڕێکخراوی کرێکاری بە زۆر و سەرکوت بەسەر کرێکاراندا بسەپێنێ. ئەم ڕژیمانە ئامانجیان جیاکردنەوەی ڕێکخراوە کرێکارییەکان لە ئەحزابی چەپ و کۆمۆنیست بوو. لە ڕوانگەی دەوڵەتانی کۆنەپەرستی سەرمایەداری، شۆرا و یەکیەتییە کرێکارییەکان دەبێ لە بواری سیاسییەوە لە حیزب و ڕێکخراوە چەپ و کۆمۆنیستەکان سەربەخۆ بن و نابێ لە باڵی چەپی گۆڕەپانی سیاسی وڵاتدا بەشدار بن. هەروەک باسمان کرد لە ڕووی مێژووییەوە، پرسی سەربەخۆیی شۆرا و یەکیەتییە کرێکارییەکان لە حیزبە سیاسییەکان و سیاسەت بە گشتی تەنیا بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ڕێکخراوە کرێکارییەکانی .نزیک بە حیزبە چەپ و کۆمۆنیستەکان هاتووەتە ئاراوە

❊ ❊ ❊



# کەڵکوەرگرتنی کۆماری ئیسلامی لە باندە تاوانکارەکان بۆ تیرۆری نەیارانی سیاسی لە ئەورووپا

لە کاتێکدا کە ئاسۆی کۆتاییهاتنی یەکجاری شەڕی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ دەوڵەتانی ئەمریکا و ئیسرائیل هێشتا لە لێڵایی و ناڕوونیدایە، ئەم ڕژێمە لەژێر سێبەری مەترسی هەڵگیرسانەوەی شەڕدا، کەشی سەرکوتگەری توندتر کردووەتەوە و درێژەی بە شەپۆلی لەسێدارەدانی زیندانییانی سیاسی داوە، لە دەرەوەی وڵاتیش بە شێوەیەکی بەرنامەبۆدارێژراو هەوڵ بۆ تیرۆری نەیارانی سیاسی خۆی دەدات. لەم پێوەندییەدا، دەزگای ئاسایش و زانیاریی نەتەوەیی دانمارک (PET)، ڕۆژی هەینی ٨ی جۆزەردانی ١٤٠٥ بە بڵاوکردنەوەی ڕاگەیەندراوێک ئاشکرای کرد کە: "لە ئێستادا و بە سەرنجدان بەو گۆڕانکارییانەی ئەم دواییانە لە جیهاندا هاتوونەتە ئاراوە، کۆماری ئیسلامی ئێران ڕۆڵێکی زەقتر لە هەڕەشە تیرۆریستییەکان دژی دانمارک دەگێڕێت". بەو جیاوازییەی کە جەوهەری هەڕەشەکان بۆ ئەم وڵاتە ئەسکاندیناڤییە لە ساڵانی ڕابردوودا بە شێوەیەکی بەرچاو گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە. لەم بارەیەوە سەرۆکی دەزگای ئاسایش و زانیاریی دانمارک ڕایگەیاند کە لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا، کۆماری ئیسلامی ئێران هەڕەشەیەکی تایبەتی بۆ سەر نەیارانی سیاسی ئێرانی نیشتەجێی وڵاتانی ئەورووپایی، لەوانە دانمارک دروست کردووە و هەروەها هەڕەشەش بووە بۆ سەر جوولەکەکان و بەرژەوەندییەکانی ئیسرائیل. لەم ڕوانگەیەوە دەوڵەتی دانمارک لە نوێترین بەڵگەنامەی ئەمنی خۆیدا، ئاستی هەڕەشە تیرۆریستییەکانی دژی خۆی لە پلەی بەرزی ٤ لە کۆی پێوەرێکی پێنج پلەیی دیاری کردووە

سەرۆکی دەزگای ئاسایش و زانیاریی نەتەوەیی دانمارک هەروەها پەردەی لەسەر ئەوەش لادا کە دەزگا ئەمنییەکانی کۆماری ئیسلامی پێچەوانەی ساڵانی پێشوو، ئێستا بۆ داڕشتنی بەرنامە و ئەنجامدانی کردەوە تیرۆریستییەکان، نەک ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی مۆرەکانی خۆیانەوە، بەڵکوو کەڵک لە باندە چەتە و کرێگرتە و تاوانکارەکان لە ئەورووپا وەردەگرن. لە وەڵامی ڕاگەیەندراوەکەی دەزگای ئاسایش و زانیاریی دانمارکدا، باڵیۆزخانەی ڕژێمی ئیسلامی لە کۆپنهاگن تەنیا بە بیانووی ئەوەی کە گوایە بەڵگەی باوەڕپێکراو بۆ سەلماندنی تێوەگلانی کۆماری ئیسلامی لەو کردەوە تیرۆریستییانەدا نەخراوەتە ڕوو، بانگەشەکەی دەزگای ئاسایشی دانمارکی ڕەت کردەوە و وەک بەشێک لە پرۆژەیەکی بەربڵاو بۆ گۆشەگیرکردنی سیاسی و نێودەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی لە قەڵەمی دا

بەڵام ئەمە تەنیا دانمارک نییە کە خۆی لە بەردەم مەترسییە تیرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامیدا دەبینێتەوە، بەڵکوو دەوڵەتەکانی تری ئەورووپا، لە فەڕانسە، ئاڵمان و بەریتانیاوە بگرە تا ئۆتریش، بلژیک، قبرس، یۆنان و وڵاتانی دیکەش لە ساڵانی ڕابردوودا گۆڕەپانی کردەوە تیرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی بوون لەسەر خاکی خۆیان. لە هەندێک لەم حاڵەتانەدا مۆرەکانی دەزگا ئەمنییەکانی ڕژێمی ئیسلامی دەستگیر کراون و لە دادگا باوەڕپێکراوەکاندا دادگایی کراون و بە تاوانی ئەنجامدانی کردەوەی تیرۆریستی سزایان بەسەردا سەپاوە. ڕژێمی ئیسلامی لەوپەڕی بێشەرمیدا بە بارمتەگرتنی هاووڵاتییانی ئەو وڵاتانە لە ئێران و لکاندنی تۆمەتی سواو و دووپاتەبووەوەی "سیخوڕی"، هەوڵی داوە مۆرە تیرۆریستە زیندانیکراوەکانی خۆی پێ ئاڵوگۆڕ بکات

بەڵام کۆماری ئیسلامی لە چەند ساڵی ڕابردوودا کردەوە تیرۆریستییەکانی لە دەرەوەی وڵات، نەک لە ڕێگەی مۆرە فەرمییەکانی خۆیەوە، بەڵکوو بە بەکرێگرتنی گرووپ و باندە چەتە و تاوانکارەکان بردۆتە پێشەوە، تا بە خەیاڵی خاوی خۆی شوێنپەنجەیەک بەجێ نەهێڵێت. لەم پێوەندییەدا، دەزگای زانیاری و ئاسایشی سوێد (سیپۆ)یش کۆماری ئیسلامیی بە بەکارهێنانی ئەو گرووپە بەکرێگیراوانە بۆ ئەنجامدانی کردەوەی تیرۆریستی لەو وڵاتە تۆمەتبار کردووە. ڕۆژی شەممە ٩ی جۆزەردان، سەرۆکی یەکەی دژەسیخوڕیی ئەم دەزگایە ڕایگەیاند: "بەڵگەی حاشاهەڵنەگریان لەبەردەستدایە کە نیشانی دەدات کۆماری ئیسلامی کەڵک لەم باندە تاوانکارانە وەردەگرێت بۆ ئەنجامدانی کردەوەی توندوتیژانە دژی دەوڵەتی ئیسرائیل و جوولەکەکان و کەسایەتییە نەیارە ئێرانییەکان لە سوێد". ناوبراو وتیشی کە ڕوون و ئاشکرایە ئەو کەسە تاوانبارانەی ناو باندە چەتەکان لەگەڵ کەسانی ناو دەزگا ئەمنییەکانی کۆماری ئیسلامیدا پێوەندییان هەیە. بەم جۆرە، ڕژێمی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی ئێران بووەتە مۆڵگەیەکی ئارام بۆ کەس و گرووپە تیرۆریستییەکانی وڵاتانی دیکە، کە سەر بە دەزگا ئەمنی و جاسوسییەکانی کۆماری ئیسلامین

هاوکات لەگەڵ دانمارک، ڕۆژی هەشتەمی جۆزەردان لە بەریتانیاش، پۆلیسی ئەو وڵاتە هەواڵی دادگاییکردنی هاووڵاتییەکی یۆنانی دانیشتووی میونشنی ئاڵمان بە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ دەزگای هەواڵگری (کۆماری ئیسلامی) بڵاو کردەوە. تۆمەتی ئەم کەسەش هەوڵدانە بۆ تیرۆری ڕۆژنامەنووسێکی ئێرانی نەیاری کۆماری ئیسلامی لە لەندەن. بێگومان دەزگای ئاسایشی بەریتانیا (ئێم ئای ٥)، لە ساڵانی ڕابردووشدا ڕایگەیاندبوو کە ئەو دەزگایە لە ساڵی ٢٠٢٢ـەوە تا ئێستا زیاتر لە ٢٠ پیلانی باندە تاوانکارەکان و قاچاخچییانی مادده هۆشبەرەکانی پاشکۆی کۆماری ئیسلامی دژی هاووڵاتییانی بەریتانیا پووچەڵ کردووەتەوە

بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ئاسایشی ناوخۆی فەڕانسەش چەند مانگێک لەمەوبەر ئاشکرای کرد کە دەزگا سیخوڕییەکانی ئێران شێوازەکانی خۆیان گۆڕیوە و ئێستا بە شێوەیەکی سیستەماتیک بۆ جێبەجێکردنی ئۆپەراسیۆنەکانیان لە دەرەوەی وڵات، کەسانی تاوانکاری بیانی بەکار دەهێنن. ڕۆژی چوارشەممە ٦ی جۆزەردان، وەزارەتی دادی ئەمریکاش هاووڵاتییەکی دیکەی ئەو وڵاتەی بە تاوانی بەشداریکردن لە پیلانی تیرۆری چالاکوانێکی سیاسی ئێرانی نەیاری کۆماری ئیسلامی، بە دە ساڵ زیندانیکردن سزا دا. بە وتەی بەرپرسانی دادی ئەمریکا، ئەم کەسە لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە بۆ ئەم تیرۆرە ڕاسپێردرابوو

کۆماری ئیسلامی زۆر جار حاشا لە تێوەگلانی خۆی لەم تیرۆرانەدا دەکات. ئەمە لە کاتێکدایە کە چەندین جار بەرپرسە باڵاکانی حکوومەتی ئیسلامی لە دادگا باوەڕپێکراو و سەربەخۆکاندا، بەپێی بەڵگەنامەی حاشاهەڵنەگر و بەشداری و شایەتیدانی شایەتحاڵان، بە تاوانی دەستهەبوون لە تیرۆری کەسایەتییەکان و تەقاندنەوەی شوێنەکاندا مەحکووم کراون و کۆماری ئیسلامیش وەک حکوومەتێکی تیرۆریستی و پشتیوانی تیرۆریزم بە شێوەی ئامادە یان غیابی دادگایی و تاوانبار کراوە

ڕژێمی کۆماری ئیسلامی لەبەر ئەوەی کە لە ماوەی زیاتر لە چوار دەیەی ڕابردوودا خەڵکی ئێرانی بەرەوڕووی قەیرانە یەک لە دوای یەکەکان کردووەتەوە؛ لەبەر ئەوەی نەیتوانیوە وەڵامدەرەوەی داخوازییەکانی کرێکاران و کۆمەڵانی خەڵکی زەحمەتکێشی ئێران بێت؛ بە هۆی ئەوەی کە کار، ژیان، ئاسایش و ئازادیی لە زۆرینەی خەڵکی ئێران زەوت کردووە؛ بەو هۆیەی کە بە پێداگری لەسەر سیاسەتە شەڕانگێزییەکانی، ئێرانی پەلکێشی ناو شەڕ کردووە و بووەتە هۆی کوشتار و وێرانکاری نەک تەنیا لە ئێران، بەڵکوو لە ئاستی ناوچەکەشدا، لە ڕوانگەی زۆرینەی ڕەهای کرێکاران و کۆمەڵانی خەڵکی هەژار و زەحمەتکێشی کۆمەڵگاوە خاوەنی هیچ چەشنە ڕەوایەتییەک نییە. بێگومان ڕژێمی کۆماری ئیسلامی کە لە نێو قەیرانێکی قووڵ و هەمەلایەنەدا دەستوپێ دەکوتێ، بە پەرەپێدانی کردەوە تیرۆریستییەکانی لە دەرەوەی وڵاتیش، ناتوانێ درێژە بە دەسەڵاتە دژەمرۆییەکەی بدات

❊❊❊



# ناڕەزایەتی خوێندکاران دژی تاقیکردنەوەی حوزووری، کاردانەوەیەکە بەرامبەر بە پەروەردەی چینایەتی

لە ڕۆژانی ڕابردوودا، خوێندکارانی شارەکانی خورەمئاباد، یاسووج، کۆهگیلوویە و بۆیەرئەحمەد و دورود، لە کاردانەوە بە سەپاندنی تاقیکردنەوەکان بە شێوەی حوزووری (ئامادەبوون لە پۆلدا)، کۆبوونەوەی ناڕەزایەتییان پێک هێنا و بە دروشمدان دژی دەسەڵاتدارانی حکومەت، ناڕەزایەتی خۆیان نیشان دا. ئەم ناڕەزایەتییانە لە هەلومەرجێکدا بەڕێوە دەچن کە بەدوای ڕاپەڕینە سەرتاسەرییەکەی بەفرانباری ١٤٠٤ و کۆمەڵکوژییە سامناکەکەی خۆپیشاندەران لە ڕۆژانی ١٨ و ١٩ی بەفرانباردا، لە زۆربەی پارێزگاکان قوتابخانەکان داخران و کران بە ئۆنلاین. هاوکات لەگەڵ دەستپێکی هێرش و بۆردومانەکانی ئەمریکا و ئیسرائیلیش سەرجەم قوتابخانەکان داخران و دوای پشووەکانی نەورۆز هەموو پۆلەکان بە شێوەی ئۆنلاین بەڕێوە چوون. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، وەزارەتی پەروەردەی ڕژێمی ئیسلامی بڕیاردان لەسەر چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی تاقیکردنەوەکانی بە پارێزگاکان سپاردووە و بەپێی ئەم بڕیارە، لە هەندێک لە پارێزگاکاندا خوێندکاران ناچار کراون بە زۆرەملێ لە هۆڵەکانی تاقیکردنەوەدا ئامادە بن. ئێستا بۆ خوێندکارانی ناڕازی ئەم پرسیارە هاتۆتە ئاراوە کە بۆچی دەبێت خوێندکاران لەو دۆخە پەروەردەییە پڕ لە هەڵاواردنەدا، ناچار بە ئامادەبوون لە هۆڵی تاقیکردنەوە بکرێن؟

ئەوەی لەم ڕۆژانەی دواییدا لە ناڕەزایەتیی خوێندکاراندا خۆی دەنوێنێت، ڕەنگدانەوەی قەیرانێکی قووڵترە لە نێو کۆمەڵگەی ئێراندا؛ قەیرانێک کە دۆخی جەنگی، سەرکوت، پچڕانی ئینتەرنێت، داڕمانی ئاسایشی دەروونی و سیاسەتە چینایەتییەکانی دەسەڵاتی بەیەکەوە گرێ داوە. ئەو خوێندکارانەی کە چەندین مانگە لە کەشێکی نائارام، ناجێگیر و پڕ لە پشێوی بەربڵاوی پەروەردەییدا ژیاون، ئێستا لە بەرامبەر سەپاندنی تاقیکردنەوە حوزوورییەکاندا ڕاوەستاون؛ لەبەر ئەوەی کە دەسەڵات هەوڵ دەدات لە ڕێگەی بەڕێوەبردنی تاقیکردنەوەی حوزوورییەوە، وێنەیەکی ساختە و ناڕاستەقینە لە "ئاساییبوونی دۆخەکە" نیشان بدات. لە هەلومەرجێکدا کە مەترسی هەڵگیرسانەوەی شەڕ و تەشەنەسەندنی قەیرانی ئەمنی هێشتا باڵی بەسەر ژیانی خەڵکدا کێشاوە، ڕژێم هەوڵ دەدات قوتابخانە وەک ئامرازێکی سیاسی بۆ نیشاندانی سەقامگیری و کۆنترۆڵی بارودۆخەکە بەکار بهێنێت. لەم نێوەندەدا، خوێندکاران بە دروستی درکیان بەوە کردووە کە کێشەکە تەنیا پرسێکی پەروەردەیی نییە، بەڵکوو کێشەکە لەسەر ئەوەیە کە کێ دەبێت باجی ئەم قەیرانە بدات و کێ بڕیارە لە ناو جەرگەی نائارامی، ناجێگیری و سیاسەتە چینایەتییەکانەوە قازانجی سیاسی بکات

پێداگری دەسەڵات لەسەر بەڕێوەبردنی تاقیکردنەوەی حوزووری لە کاتێکدایە کە بەشێکی گەورەی کۆمەڵگە هێشتا لە دۆخێکی نائارامی دەروونی و کۆمەڵایەتیدا دەژی. هەڕەشەی شەڕ، کەشوهەوای ئەمنییەتی، سەرکوتی سەر شەقامەکان و ناجێگیریی گشتی، ژیانی ڕۆژانەی ملیۆنان بنەماڵەی پەک خستووە. لە وەها دۆخێکدا، زۆر ئاساییە کە خوێندکاران و بنەماڵەکان بەرامبەر بە ئامادەبوونی زۆرەملێ لە قوتابخانەکاندا ناڕازی بن. بەڵام دەسەڵات کێشەکە تەنیا لە گۆشەنیگای پەروەردەییەوە نابینێت. بۆ کۆماری ئیسلامی، بەڕێوەچوونی تاقیکردنەوەی حوزووری بەشێکە لە پڕۆژەی "ئاساییکردنەوە"؛ هەوڵێکی سیاسییە بۆ داسەپاندنی ئەو وێنەیەی کە گوایە دۆخەکە لەژێر کۆنترۆڵدایە و قەیرانی شەڕ هیچ کاریگەرییەکی نەکردۆتە سەر ژیانی گشتی. هەر لەبەر ئەم هۆکارەشە، تەنانەت لەو کاتانەشدا کە پرۆسەی پەروەردە بە شێوەی ئۆنلاین بەردەوام بووە، دەسەڵات هەر پێداگری لەسەر ئامادەبوونی فیزیکی خوێندکاران لە هۆڵەکانی تاقیکردنەوەدا کردووە. ئەم سیاسەتە، فۆرمێکە لە بەڕێوەبردنی سیاسییانەی قەیرانەکان. دەوڵەت دەیەوێت ئامادەبوونی خوێندکاران لە قوتابخانە بکاتە هێمایەک بۆ گەڕانەوەی نەزم و ئارامی، تەنانەت ئەگەر واقیعی کۆمەڵگە شتێکی تەواو جیاوازیش بێت

یەکێک لە هۆکارەکانی دژایەتیکردنی دەسەڵات لەگەڵ بەڕێوەبردنی تاقیکردنەوەی مەجازی (ئۆنلاین)، پرسی ئینتەرنێتە. ئەگەر پەروەردە و تاقیکردنەوەکان بە شێوەی ئۆنلاین بەڕێوە بچن، دەوڵەت ناچار دەبێت دەستڕاگەیشتنی جێگیر و بێبەرامبەر بە ئینتەرنێت بۆ ملیۆنان خوێندکار دابین بکات؛ بەرپرسیارێتییەک کە نەک هەر ئامادە نییە قبووڵی بکات، بەڵکوو لە بنەڕەتدا لەگەڵ سیاسەتەکانی ئێستایدا لە دژایەتیدایە. لە ساڵانی ڕابردوودا و بەتایبەتی لە سەردەمی شەڕدا، کۆماری ئیسلامی بە بڕینی بەربڵاوی ئینتەرنێت و سنووردارکردنی بەردەوام، ئینتەرنێتی لە مافێکی گشتییەوە کردۆتە ئیمتیازێکی چینایەتی. لە وەها هەلومەرجێکدا، پەروەردەی ئۆنلاین لە پراکتیکدا بۆتە دەرفەتێکی نایەکسان؛ دەرفەتێک کە زیاتر لە قۆرخی چینە دەوڵەمەند و خۆشگوزەرانەکاندایە. خوێندکارێکی سەر بە بنەماڵەیەکی کرێکار کە تەنانەت توانای کڕینی پاکێجی ئینتەرنێت یان ئامرازی گونجاوی خوێندنی نییە، چۆن دەتوانێت لە هەلومەرجێکی یەکساندا کێبڕکێ لەگەڵ خوێندکاری قوتابخانە تایبەت و ئەهلییەکاندا بکات! ئەمە ڕێک ئەو خاڵەیە کە تیایدا پەروەردەی مەجازی لە کۆمەڵگەیەکی نایەکساندا، دەبێتە ئامرازێک بۆ بەرهەمهێنانەوەی کەلێنی چینایەتی

بەڵام پارادۆکس و ناتەبایی دەسەڵات ڕێک لەمەدایە؛ لە لایەکەوە ئینتەرنێتی گشتی دەپچڕێنێت و ئامادە نییە تێچووی دەستڕاگەیشتن بە پەروەردە دابین بکات، لە لایەکی تریشەوە بۆ پاراستنی ڕواڵەتی "دۆخی ئاسایی"، خوێندکاران ناچار دەکات بە شێوەی حوزووری لە تاقیکردنەوەکاندا بەشداری بکەن. ئینتەرنێتی چینایەتی لە ئێراندا، بەشێکە لە پێکهاتەی چینایەتی دەسەڵات کە دەستڕاگەیشتن بە پەروەردە، زانیاری و پەیوەندییەکان لەسەر بنەمای پێگەی ئابووری و سیاسی ڕێک دەخات. نەوەی ئەمڕۆی خوێندکاران، ئەو نەوەیە نییە کە سیاسەت تەنیا لە کتێبەکانەوە بناسێت. ئەم نەوەیە قەیرانی بە شێوەی ڕاستەوخۆ ئەزموون کردووە؛ هەڵاوسان، هەژاری، سەرکوت، پچڕانی ئینتەرنێت، نائارامی، داهاتوویەکی لێڵ و فشاری دەروونی بەردەوام. بۆ زۆرێک لە مێرمنداڵان و لاوان، قوتابخانە ئیتر ژینگەی هیوا و پێشکەوتن نییە؛ بەڵکوو بەشێکە لەو ژیانە ڕۆژانەیەی کە بەردەوام گرێدراوی دڵەڕاوکێ و ناجێگیرییە. ئەوان بینیویانە کە چۆن پەروەردە بۆتە کاڵایەکی چینایەتی، چۆن ئینتەرنێت بۆتە ئامرازی کۆنترۆڵکردن و چۆن تەنانەت سەرەتاییترین مافە کۆمەڵایەتییەکانیش دەکرێت بە بڕیاری ئەمنییەتی بەرتەسک بکرێنەوە. هەر لەبەر ئەم هۆکارەشە، نابێت ناڕەزایەتییەکانی ئەم دواییە تەنیا وەک کاردانەوەیەکی هەستیارانە سەیر بکرێت. ئەم ناڕەزایەتییانە، دەربڕینی سیاسی نەوەیەکە کە ئیتر بڕوا بە گێڕانەوەی فەرمی دەسەڵات سەبارەت بە "ئاساییبوونی دۆخەکە" ناکات. ناڕەزایەتی خوێندکاران لەم چوارچێوەیەدا، فۆرمێکە لە خۆڕاگری بەرامبەر بە گواستنەوەی باجی قەیرانەکان بۆ سەر شانی چینە بێبەش و چەوساوەکان. دەسەڵات دەیەوێت قەیرانی ئابووری، پچڕانی ئینتەرنێت، نائارامی و داڕمانی خزمەتگوزارییە گشتییەکان بخاتە ئەستۆی خەڵک بۆ ئەوەی تەحەمولی بکەن، بەڵام هاوکات ڕواڵەتی جێگیری و سەقامگیریش بپارێزێت. خوێندکاران بە ناڕەزایەتییەکانیان ئەم شانۆگەرییە تێکدەدەن

ناڕەزایەتییە خوێندکارییەکان کاتێک دەتوانن ببنە هێزێکی بەردەوام و کاریگەر کە لە ئاستی کاردانەوەی پەرشوبڵاو تێپەڕن و لەگەڵ خەباتی مامۆستایان، کرێکاران و بنەماڵە بێبەشەکاندا گرێ بدرێن. زۆرینەی هەرەزۆری خوێندکاران، ڕۆڵەی چینی کرێکار و زەحمەتکێشان و توێژە چەوساوەکانی کۆمەڵگان. هەمان ئەو بنەماڵەیەی کە لەژێر باری قورسی هەڵاوسان، بێکاری و حەقدەستی کەمدا وردوخاش دەبێت، ئێستا دەبێت تێچووی ئینتەرنێت، خوێندن و نائارامیش بدات. کەواتە قەیرانی پەروەردەیی، لە قەیرانی ئابووری و پێکهاتەی چینایەتی زاڵ بەسەر کۆمەڵگەدا جیاواز نییە. خەبات لەپێناو پەروەردەی بێبەرامبەر و یەکسان، بەبێ خەبات دژی پێکهاتەی سیاسی و چینایەتی هەنووکەیی ناگاتە ئەنجام. ئینتەرنێتی ئازاد و بێبەرامبەر، پەروەردەی گشتی بەکوالێتی و ئاسایشی پەروەردەیی، کۆمەڵێک مافی کۆمەڵایەتین؛ نەک ئیمتیازێک کە دەسەڵات هەر کاتێک ویستی ببەخشێت یان لێیان زەوت بکات. لەم نێوەندەشدا، مامۆستایان پێگەیەکی کلیدی و سەرەکییان هەیە. ئەوان هەم بەشێکن لە هێزی کاری کرێگرتە، هەم لە دڵی پێکهاتەی پەروەردەیشدا جێگەیان گرتووە. هاوپشتیی خوێندکاران، مامۆستایان و بنەماڵە کرێکارییەکان دەتوانێت دەستڕاگەیشتن بە پەروەردەی بێبەرامبەر و بەکوالێتی، بکاتە بەشێک لە خەباتێکی بەربڵاوتر لەپێناو ڕزگاریی کۆمەڵایەتیدا

❊❊❊



# سەد و بیست و دووەمین هەفتەی هەڵمەتی "سێشەممەکانی نا بۆ سێدارە" لە ٥٦ زینداندا

## بزووتنەوەی نا بۆ سێدارە و هاوپشتی لەگەڵ ئەم هەڵمەتە پەرە پێ بدەین!

ڕژێمی کۆماری ئیسلامی هەروا بەردەوامە لە دەرکردنی سزای لەسێدارەدان بۆ بەندکراوانی سیاسی و، تاوانەکانی خۆی لەژێر پاساوی 'بەرگری لە ئاسایشی گشتی لە بەرامبەر دزەکردنی دوژمنانی دەرەکی'، هەروەها ئێعدامی زیندانییان و تاوانبارانی ئاسایی لەژێر پەردەی 'ڕێگریکردن لە تاوانکاری و دابینکردنی مافی هاووڵاتییان'دا ئەنجام دەدات. زیندان و ئەشکەنجە و لەسێدارەدانی نەیارانی سیاسی، هەر لە سەرەتای بەدەسەڵاتگەیشتنی حکوومەتی ئیسلامییەوە تا بە ئەمڕۆ دەکات، یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی دەسەڵاتدارییەتی ئەم ڕژێمە تاوانکارە بووە. بەڵام ئەمڕۆکە، لە کاتێکدا کۆماری ئیسلامی لەگەڵ قەیرانی شەڕ و قەیرانی مەرگ و نەماندا دەستەویەخەیە، زیندان و ئەشکەنجە و ئێعدام بووەتە ڕەمزی مانەوە و درێژەکێشانی تەمەنی ئەم ڕژێمە. تەنانەت کاتێک تاوانبارە ئاساییەکانیش لەسێدارە دەدات، ئامانجی تۆقاندنی کۆمەڵگە و چاوترسێنکردنی نەیارانی سیاسییە. بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو دڕندەیی و وەحشیگەرییەی کە ڕژێم لە خۆی نیشانی دەدات، ئەوەی کە ڕوون و ئاشکرایە ئەم ڕاستییەیە کە شەپۆلی ئێعدام و سەرکوت نەیتوانیوە کۆمەڵگا چاوترسێن بکات و، خەبات دژی سزای لەسێدارەدان و بۆ ئازادی بەندکراوانی سیاسی بەردەوامە. ژنان و پیاوانی بەندکراوی سیاسی، ئەم مرۆڤە ئازا و ئازادیخوازانە، بە ڕێکخستنی هەڵمەتی "سێشەممەکانی نا بۆ سێدارە" لەپشت شیشەکانی زیندانەوە، دەمێکە ئاڵای خەبات دژی سزای لەسێدارەدانیان شەکاندووەتەوە

هەڵمەتی "سێشەممەکانی نا بۆ سێدارە" کە لە ٥٦ زیندانی ئێراندا درێژەی هەیە، لە سەد و بیست و دووەمین هەفتەی مانگرتن لە خواردندا، لە ڕێگەی بەیاننامەیەکەوە لە ڕێکەوتی سێشەممە ٥ی جۆزەردانی ١٤٠٥، جارێکی دیکە بانگەوازی ئاراستەی ناوەندە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ کردووە کە لە خەبات دژی تراژیدیای ئێعدام، لە تەنیشت خەڵکی ئێران و خواستی ئەوان بۆ ئازادی و دادپەروەری و هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەداندا بوەستن. لە دەقی ئەم بەیاننامەیەدا هاتووە

«شەپۆلی ئێعدامە سیاسییەکان هەروا بەردەوامە. لە هەفتەی ڕابردووەوە تا ئێستا، دوو بەندکراوی سیاسی و هاووڵاتیی کورد، "ڕامین زەلە" و "کەریم یەعقووبپوور" و گەنجێکی دیکە بە ناوی "عەباس ئەکبەری فەیزئابادی" کە لە خۆپیشاندەرانی مانگی بەفرانبار بوو، بێبەزەییانە بە پەتی سێدارەوە کران. زیندانییەکی دیکەش بە ناوی "موجتەبا کیان" بە تۆمەتی سیخوڕی ئێعدام کرا. تۆمەتێک کە وەک هەمیشە بە بێ بوونی مافی دادگاییکردنێکی دادپەروەرانە، بووە هۆی لەسێدارەدانی ئەم هاووڵاتییانە

بەپێی ئەو زانیارییانەی بە دەست گەیشتوون، لە سەرەتای ئەمساڵەوە تا ئێستا لانیکەم ٧٢ کەس ئێعدام کراون، کە زیاتر لە ٢٥ کەسیان بەندکراوی سیاسی - ئەمنییەتی بوون.

سەرەڕای ئەم حاڵەتانەی ئاماژەیان پێ درا، دەیان و سەدان زیندانی بێناوونیشانی دیکە لە زیندانە جیاوازەکاندا سزای لەسێدارەدانیان بەسەردا سەپاوە و چاوەڕێی مەرگن. لەم هەفتەیەی دواییدا، سزای ئێعدامی بەندکراوی سیاسی "مەنووچێهر فەلاح" لە زیندانی لاکانی ڕەشت پاش ئەوەی پێشتر هەڵوەشابووەوە، دووبارە پشتڕاست کرایەوە. هەروەها سزای ئێعدامی "ڕووحوڵڵا کەرکی" لە زیندانی شەیبانی ئەهواز و سزای ئێعدامی بەندکراوانی سیاسی: میلاد ئارموون، نەوید نەجاڕان، مەهدی ئیمانی و سەید محەممەدمەهدی حوسێنی، تۆمەتبارانی دۆسیەی ناسراو بە "شارۆچکەی ئێکباتان"، پشتڕاست کراوەتەوە و گیانیان بەتوندی لە مەترسیدایە

لە بەرامبەر ئەم ئێعدامانەدا، هەڵمەتی "سێشەممەکانی نا بۆ سێدارە" سەد و بیست و دوو هەفتەیە لە زیندانەکاندا خۆڕاگرییان کردووە. لەوانەش بەندی ژنانی زیندانی ئێڤین، کە هەموو سێشەممەیەک وەک نارەزایەتی دەربڕین بەرامبەر بەم ئێعدامانە دروشم دەدەن و، هەر بەم هۆیەوە لەلایەن ئیدارەی زیندانەوە مافی چاوپێکەوتنیان لێ زەوت کراوە و لە پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بنەماڵەکانیان بێبەش کراون. مێژووی هاوچەرخی ئێران پڕە لە سیمای خۆڕاگر و خەباتکاری ئەو ژنانەی کە بۆ گۆڕانکاری، تەنانەت گیانی خۆشیان لەپێناو ڕێگەی ئازادی و یەکسانیدا بەخت کردووە و بوونەتە نەمر و هەرمان. بەتایبەتی لە ماوەی یەک دەیەی ڕابردوودا و لە ڕاپەڕینەکانی بەفرانباری ٩٦، خەزەڵوەری ٩٨، شۆڕشی ژینا لە ١٤٠١ و ڕاپەڕینی بەفرانباری ١٤٠٤، ژنان یەکێک بوون لە هێزە کۆمەڵایەتییە سەرەکییەکانی نێو ڕیزی پێشەوەی خەبات. بزووتنەوەی دادخوازی، پڕە لە ناوی ئەو ژنانەی کە دژی ئێعدام ڕاپەڕیون و لە بەرەوپێشبردنی بزووتنەوەی "نا بۆ سێدارە" ڕۆڵی جدییان گێڕاوە.»

لە بەیاننامەی هەڵمەتی "سێشەممەکانی نا بۆ سێدارە"دا جەخت لەوە کراوەتەوە کە «ژنانی خۆڕاگر لە زیندانە جیاوازەکاندا، هەمیشە هاواری ئازادی و مافی ژیانیان بەرز کردووەتەوە، هەر بۆیە دەسەڵات تەنانەت ناتوانێت دەنگی ژنانیش تەحەمول بکات، چونکە دژایەتیکردنی ژنان هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە یەکێک بووە لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی حوکمڕانی ئەم ڕژێمە.»

لە هەلومەرجی هەنووکەییدا کە هیچ ئاسۆی ڕوونێک بۆ کۆتاییهاتنی یەکجاریی شەڕی نێوان دەوڵەتانی ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا بەدی ناکرێت، توندتربوونەوەی سەرکوت و ئێعدامەکانی ئەم دواییە دەبێت لە گرێدراوی لەگەڵ مەترسی داڕمانی ئابووری، پەرەسەندنی نارەزایەتییە کۆمەڵایەتییەکان، قووڵبوونەوەی قەیرانی ڕەوایی سیاسی، درز و لێکترازانی نێو باڵەکانی دەسەڵات، هەروەها داماوی و بێتوانایی ئایدیۆلۆژیک بۆ پێدانی ڕەوایی بە دۆخی ئێستا، لێک بدرێتەوە. لە وەها بارودۆخێکدا، پەرەپێدانی سەرکوت، هەم وەک ستراتیژیی مانەوە و هەم وەک تاکتیکێک، بووەتە یەکێک لە ئامرازە سەرەکییەکانی بەڕێوەبردنی قەیرانەکان. ئەم ئێعدامە بەرنامەبۆداڕێژراوانە، زیاتر لەوەی نیشانەی هێز بن، دەربڕی لوتکەی قەیرانی ڕەوایی ڕژێمی ئیسلامی و داماوییە لەئاست وەڵامدانەوە بە داواکارییەکانی کۆمەڵگە. ئێستا و لە کاتێکدا کە بەندکراوان ڕووبەڕووی نەبوونی جێگە، کەمبوونی خۆراک و خزمەتگوزارییە سەرەتایی و تەندروستییەکان بوونەتەوە، ئێستایش هەزاران کەس لە دەستبەسەرکراوانی ڕاپەڕینە سەرتاسەرییەکەی بەفرانباری ١٤٠٤ لە زیندانەکاندان. ڕژێمی تاوانکاری ئیسلامی بۆ چاوترسێنکردن و تۆقاندنی کۆمەڵگە، ئەم زیندانییانەی وەک بارمتە گرتووە، داسی مەرگی بەسەر سەریاندا هەڵواسیوە و هەفتانە ژمارەیەکیان لەسێدارە دەدات

لە بارودۆخی ئێستادا، پەرەپێدانی بزووتنەوەی هاودڵی و هاوپشتی لەگەڵ بنەماڵەی بەندکراوانی سیاسی لە نێوخۆی ئێران و، پشتیوانی و هاوپشتی لەگەڵ "هەڵمەتی نا بۆ سێدارە" کە ئاڵاکەی لەپشت شیشەکانی زیندانەوە هەڵدراوە، زیاتر لە جاران پێویستییەکی هەنووکەیییە. لە دەرەوەی وڵاتیش، پێویستە سەرجەم هێزەکان و مرۆڤە ئازادیخواز و یەکسانیخوازەکان، دەست لەناو دەست و بە ڕێکخستن و وەڕێخستنی هەڵمەتی سیاسی، ڕژێمی تاوانکاری کۆماری ئیسلامی بۆ کۆتاییهێنان بە سێدارەکان و ئازادکردنی زیندانییانی سیاسی بخەنە ژێر گوشارەوە

❊❊❊



# ئاسۆی لێڵی کۆتاییهاتنی یەکجاریی شەڕ لەسەر بەستێنی کێشمەکێشەکانی ئێستا

دانوستانەکانی نێوان ئەمریکا و کۆماری ئیسلامی بە نێوەندگیری پاکستان بەمەبەستی گەیشتن بە ڕێککەوتن لەسەر چوارچێوەی "یادداشتێکی لێکتێگەیشتن" بۆ درێژکردنەوەی ئاگربەستی شەڕ، بەهۆی لێدوانە دژبەیەکەکانی بەرپرسانی هەردوو دەوڵەتەوە کەوتووەتە ناو تەمومژەوە. ئەم یادداشتە درێژکردنەوەی ئاگربەست بۆ ماوەی ٦٠ ڕۆژ لەخۆ دەگرێت و بڕیارە لەم ماوەیەدا شەڕ لە سەرجەم بەرەکاندا بوەستێت و هەردوولا وێڕای ئەنجامدانی کۆمەڵێک هەنگاو، هەوڵ بدەن لەسەر پرسەکانی دیکەی وەک بەرنامەی ناوکی، مووشەکی و هێزە بەوەکالەتەکان بگەنە ڕێککەوتنی کۆتایی و شەڕ بە یەکجاری کۆتایی پێ بهێنن. بەپێی ڕاپۆرتی واشینگتۆن پۆست، هەنگاوە سەرەتاییەکانی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٣٠ ڕۆژدا بریتییە لە کردنەوەی گەرووی هورمز و ئاساییکردنەوەی هاتوچۆی کەشتییەکان بۆ دۆخی پێش شەڕ. لەم یادداشتەدا مەرج دانراوە کە کۆماری ئیسلامی بەڵێن دەدات دەستبەرداری یۆرانیۆمی پیتێنراو ببێت و چەکی ناوکیی نەبێت. لە بەرامبەردا، بەرپرسێکی کۆماری ئیسلامی ڕایگەیاندووە کە بڕیارە ئەمریکا ١٢ ملیار دۆلار لە سەروەت و سامانە دەستبەسەرکراوەکانی ئێران ئازاد بکات. بەڵام ئاژانسی هەواڵی فارس، سەر بە باڵی بناژۆخوازان و سوپای پاسداران، ڕۆژی یەکشەممە نووسی کە ئەمریکا لە ئازادکردنی سامانە دەستبەسەرکراوەکانی ئێراندا "پاشگەز بووەتەوە و هەوڵ دەدات ئەم سەرچاوانە بکاتە قەرز و بۆ داهاتووی هەڵگرێت. ئەمە هێڵی سوورە و بەرپرسان لێی پاشەکشە ناکەن"

لەگەڵ ئەوەشدا، ئێوارەی یەکشەممە سێی جۆزەردان، ترامپ لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکەی خۆیدا نووسی کە ڕێککەوتنەکە بەتەواوی نەکراوە و هیچ کەس نەیبینیوە. هەروەها بە نوێنەرە دیپلۆماتیکەکانی خۆی لە دانوستانەکاندا فەرمانی داوە کە بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن لەگەڵ ئێران پەلە نەکەن و گوتوویەتی "کات لە قازانجی ئێمەیە و گەمارۆدانی کۆماری ئیسلامی لە گەرووی هورمز تا دوای واژۆکردنی ڕێککەوتنەکەش بەردەوام دەبێت. من تەنیا ڕێککەوتنێک واژۆ دەکەم کە تێیدا بگەینە هەموو ئەو شتانەی کە دەمانەوێت". ئەمە لە کاتێکدابوو کە هەمان ڕۆژ مارکۆ ڕۆبیۆ، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ڕایگەیاندبوو کە ئەمڕۆ یان سبەی هەواڵی پەیوەندیدار بە ڕێککەوتن لەگەڵ ئێران بڵاو دەبێتەوە. سەرچاوە ئاگادارەکان ڕایانگەیاند کە بڕیارەکەی ترامپ بۆ ڕاگرتنی نوێنەرەکانی لە واژۆکردنی ڕێککەوتن لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، دوای پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لەگەڵ ناتانیاهۆ دراوە. ناتانیاهۆ لەم بارەیەوە جەختی کردەوە کە لەگەڵ دۆناڵد ترامپ هاوڕان لەسەر ئەوەی هەر جۆرە ڕێککەوتنێکی کۆتایی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دەبێت ببێتە هۆی بنەبڕکردنی تەواوەتی هەڕەشەی ناوکی. بەم مانایە، هەڵوەشاندنەوەی دامەزراوەکانی پیتاندنی ناوکی و بردنەدەرەوەی یۆرانیۆمی پیتێنراو لە ئێران، دەبێت مەرجی سەرەتایی هەر ڕێککەوتنێک بێت. بەم جۆرەش ئەمریکا لە ڕەوتی ڕێککەوتنێکی لەم چەشنەدا دژایەتی دەکات و کۆسپ دەخاتە سەر ڕێگەکەی

بەڵام لە لایەکی دیکەوە، کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی و میدیاکانی سەر بە ڕەوتە بناژۆخوازەکانیش، بە پێداگری لەسەر درێژەدان بە سیاسەتەکانی تا ئێستایان، هەوڵ دەدەن ڕێگری بکەن لە گەیشتن بە هەر جۆرە ڕێککەوتنێک لەگەڵ ئەمریکا بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕ. ڕۆژی شەممە دووی جۆزەردان، عەباس عێراقچی، وەزیری دەرەوەی ڕژێم، ڕایگەیاند کە: "پشتیوانیکردن لە حیزبوڵڵای لوبنان هەروا بەردەوامە و یەکێک لە مەرجەکانی ڕێککەوتن لەگەڵ ئەمریکا، دامەزراندنی ئاگربەست دەبێت لە لوبنان. ئیسماعیل بەقایی گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەش لەم هەلومەرجەدا لە پەیامێکدا بۆ نەعیم قاسم، ڕێبەری حیزبوڵڵا، جەختی کردەوە کە یارمەتی و پشتیوانییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ حیزبوڵڵا درێژەی دەبێت". ئاژانسی هەواڵی فارس، سەر بە سوپای پاسداران، لە بابەتێکدا پێداگری لەسەر کۆنترۆڵی تەواوەتیی کۆماری ئیسلامی بەسەر گەرووی هورمز و وەرگرتنی باج لە کەشتییەکان کرد و گوتی تێپەڕبوونی کەشتییە بازرگانییەکان لەم گەرووەوە وەک پێشوو نابێت

لەم پەیوەندییەشدا فەرماندەکانی سوپای پاسداران بە هەڵێت و پلێت و هەڕەشەی بێبنەما و پاوانخوازییەکانیانەوە، هەوڵ دەدەن دژی هەر ڕێککەوتنێک بوەستنەوە کە ببێتە هۆی کۆتاییهاتنی شەڕ لەگەڵ ئەمریکا و ئاستەنگی بۆ دروست بکەن. ئەحمەد وەحیدی، فەرماندەی گشتیی سوپای پاسداران، ڕۆژی یەکشەممە سێی جۆزەردان ئیدیعای کرد کە هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی لە بەرزترین ئاستی ئامادەباشیدان و هەر چەشنە دەستدرێژییەکی دووبارەی دوژمن بۆ سەر کۆماری ئیسلامی، ڕووبەڕووی وەڵامێکی کاولکەر و جەهەننەمی لە قەبارەی دەرەوەی ناوچەکەدا دەبێتەوە. فەرماندەی قەرارگای خاتەمولئەنبیاش کە بەرپرسیارێتی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی لەم شەڕەی ئێستادا لەئەستۆیە، بە هەڕەشەکردن لە ئەمریکا و ئیسرائیل و بە مەدح و سەنای ئەوەی پێی دەڵێن "مۆدێلی نوێی شەڕ"، ڕایگەیاند کە لەسەر بنەمای "ستراتیژییەکانی ڕێبەر بۆ بەڕێوەبردنی کەنداوی فارس و گەرووی هورمز"، بەرنامەیان هەیە و ئیتر ڕێگە نادەن ئەزموونە تاڵە مێژووییەکە دووبارە ببێتەوە و ئامادەی وەڵامێکی قورس و جەهەننەمین بۆ هەر جۆرە دەستدرێژییەک

ناوبراو ئەم مۆدێلەی بە ئەزموونێکی ئیلهامبەخش بۆ هێزەکانی "میحوەری موقاوەمەت" و سەرجەم موسڵمانانی جیهان ناوبرد. هەڵبەتە ئەم مۆدێلە تا ئێستا جگە لە شەڕانگێزی و هێرشی درۆن و مووشەکبارانکردنی وڵاتانی دراوسێ و دروستکردنی کۆسپ بۆ هاتوچۆی کەشتییەکان لە ڕێڕەوی ئاوی گەرووی هورمز و شوێنەکانی دیکە لەلایەن گرووپە ئیسلامییەکانی جێی پشتیوانیی کۆماری ئیسلامییەوە، هیچ شتێکی دیکە نەبووە. سوپای قودسی پاسداران تا ئێستا لە ئێران و لوبنان و سووریا و شوێنەکانی تر، ئەم "مۆدێلە ئیلهامبەخشە"ی بە سەپاندنی تێچووی زەبەلاح بەسەر سفرە و بژێویی کرێکاران و جەماوەری زەحمەتکێشی ئێراندا بردووەتە پێشەوە و بووەتە هۆی زیانێکی بێشوماری گیانی و دارایی و وێرانی و ئاوارەیی، و هەژاری و بێکاری لە ئاستی ناوچەکەدا قوڵتر کردووەتەوە

ئەگەرچی ئەم ئاگربەستە لەرزۆکە و ئەم دۆخەی نە شەڕ و نە ئاشتییە، بە هۆکاری واقیعی و بابەتی ناتوانێت بۆ ماوەیەکی درێژخایەن بەردەوام بێت، لەگەڵ ئەوەشدا دەرئەنجامی ئەم جۆرە سیاسەت و هەڵوێستگیرییانە لەلایەن هەردوو جەمسەری ئەم شەڕە تاوانکارانەیەوە، هێشتا ئاسۆی گەیشتن بە ڕێککەوتن و کۆتاییهاتنی یەکجاریی شەڕی لەناو تەمومژدا هێشتووەتەوە. ئەگەر مافیای دەسەڵات لەناو پێکهاتەی حاکمییەتی کۆماری ئیسلامیدا قازانج لە درێژەکێشانی شەڕ دەبات، بێگومان دەرهاوێشتە وێرانکەرەکانی شەڕ بەتایبەتی لە ئێران و وڵاتانی ناوچەی کەنداو، کار و ژیان و بژێوی کرێکاران و توێژە چەوساوە و بێبەشەکانی کۆمەڵگا ڕووبەڕووی مەینەتی و سەختی زیاتر دەکاتەوە. لە وەها هەلومەرجێکدا، کرێکاران، زەحمەتکێشان و توێژە ژێردەستەکانی کۆمەڵگا، بۆ سەنگەربەندی لە بەرامبەر پەلاماری ڕژێم بۆ سەر کار و ژیان و گوزەرانیان، هیچ ڕێگەیەکیان لەبەردەمدا نییە جگە لە پەرەپێدان و فراوانکردنی خەباتە یەکگرتووەکانیان

❋❋❋



## شـێعر

### ڕەنجدەران و وورەی بەردەوام

هێشتا ئێمە سووتەمەنی بەردەوامین

ناخی پەستی شـەوگارەکان دەبرژێنین

هێشتا ئێمە دەستی دایکێکی دڵ نەرمین

لانکەی کۆرپەڵەی هیواکان ڕادەژێنین

هەتا ئێستاش بەرینایی ئاسۆی مێشکمان

مەلی سروودی مەزنی تیا دەفرێ

هەتا ئێستاش کۆڵیتی باخی دەروونمان

چرای ڕاز و خۆشەویستی تیا دەگرێ.

لە گەڵ گێژەنی چاخەکان

فێر بووین ڕەگ بە ناخا بەرین

بۆ مرۆڤی ئەودیو دەرگا بەسراوەکان

ژین بەرێی قاچاخا بەرین

بەرەو دۆزەخی لەبیرچوون

ئازا لە گەڵ ئاخا بەرین.

****

ئێمەی ڕەنجدەر

مێژووی چەندان دژایەتی و شەڕمان دیوە

کەچی ئێستاش

مێشکمان داهێنەرێکی زۆر بە هێزە و نەبەزیوە

گەرچی ئەمڕۆ چەوسێنەران دڕندانە

قەپ دەگرن لە تەوژمی هەنگاوانمان

شاڵاو دێنن

بۆ دزین و خۆراک و نانمان

بەڵام ئێمە

تا هەتایە داهێنەر و پێداگرین

خۆ ڕاگرین

شەپۆلی ئاوازەداری نێڵە نیلی ئاگرین!!

" هەڵکەوت "

❊❊❊




کاتی دەسپێکی بەرنامەکانی تەلەڤیزیۆنی کۆمەڵە بە کاتی تاران :

دەسپێکی بەرنامەکان، ۱۹:۳۰
دوپاتەی دەوری ئەوەڵ، ۱:۳۰
دوپاتەی دەوری دوهەم، ۷:۳۰
دوپاتەی دەوری سێهەم، ۱۳:۳۰

**پێشـــــڕەو**

ئۆرگـــانی کومیتەی ناوەندی کۆمـــــەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

**نوێنە رایە تیی کۆمە ڵە لە دە رە وە ی وڵات**
representative@komala.co

**ئیمەیلی دەفتەری پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزب**
international@cpiran.org

**دەبیرخانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**
dabirxane.cpi@gmail.com

**ژمارەکانی پەیوەندی لەگەڵ تەشکیلاتی شارەکانی کوردستانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**
۰۰۹٦٤٧٧١۰٢٨٦١٩٣
۰۰٤٣٦٦۰١١٩٥٩۰٧
۰۰٤٦٧٢٩۰٣۰٦٩٦
۰۰٤٥٦۰٩١١٧٨٢
۰۰٤٦٧٣٧١٦٩٧٤٦